# Çareserî

Êraqêkî Dimukratîk Kurdistanêkî Azad

Organî Nawendî Partî Çareserî Dimukratî Kurdistan

Duşeme 30 Nisan 2003 Jimare 25 Salî Duhem


# پرۆژەکانی چارەسەری KADEK و PÇDK ئامادەکاری کوردان نیشاندەدات

## سەروتار

ئەمڕۆ ئێراق لەساتی هەرە مێژوویی و هەستیاریدا دەژیت، کەئەمەش هەر ئەمڕۆ بەڵکو داهاتووی ئێراق بەهەمسوو شێوەیەك دەخاتە ژێر کاریگەرییەکانی خۆیەوە. ئەو باروودۆخەی ئەمڕۆ کە سەرەتای "سەردەمێکی نوێ" یە بۆ گشت گەلانی ئێراق؛ ئەوا ڕووخانی ڕژێمی بەعس قۆناغی یەکەمی چوونە نێو ئەو سەردەمە نوێیە بوو. بەڵام قۆناغی دووەم: چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە مێژوویی و هەنووکەییەکان و سەر لەنوێ بونیادنانەوەی ئێراقە بەگوێرەی داخوازی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی گەلانی ئێراق، کە ئەمڕۆ لەئازادی و دیموکراسیدا بەرجەستە دەبێت. بێگومان هەرچەندە لەڕووخاندنی ڕژێمە کەنەدەڵەکەی بەعسدا ڕۆڵی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان سەرەکی و لەپێش بوو، بەڵام مسۆگەر ڕۆڵی چارەسەری کێشەکان لەسەرووی هەموویانەوە کێشەی کورد و، سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئێراق لەهەمسوو ڕوویەکەوە، کەوتۆتە ئەستۆی گەلانی ئێراق خۆیان، بەبێ جیاوازی و جوودابوونیان.

لەم ڕوانگەیەوە، خستنەڕوو و پێشنیارکردنی هەر پرۆژە و دەستپێشخەری و پێشنیارێکی چارەسەری دیموکراتی و سەرلەنوێ بونیادنانەوە لەلایەن هێز و لایەنە دیموکراتخوازەکانی ئێراق بەگشتی ڕۆڵێکی ژیانی و مێژوویی لەدەستنیشانکردنی داهاتووی ئێراق دەگێڕێت. لەسەر ئەو بنەمایە پارتیمان PÇDK پرۆژەیەکی گرنگی پێشکەشی ڕای گشتی کوردی و ئێراقی و سەرجەم هێز و لایەنە سیاسی و کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگای کرد. هەڵبەتە پێشنیارکردنی ئەم پرۆژەیە لەباروودۆخێکی بەمجۆرەدا؛ لەڕوانگەی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی و ئەرکی دیموکراسییانەوە دەرکەوتۆتەڕوو، کەزەمینە و دەرفەتێکی ڕەخساو و دیموکراتییانە بۆ خولقاندنی کەش و هەوایەکی پڕ لە دیالۆگ و دانوستاندن دێنێتە ئاراوە. ئەم PÇDK بەموردی باروودۆخی ئەمڕۆی ئێراق هەڵدەسەنگێنێ و بەشێوەیەکی بابەتییانەش ئەرکە هەنووکەییەکان دەستنیشان دەکات، هەروەها لەسەر بنەمایەکی دیموکراتییانە و بەگوێرەی بەرژەوەندی باڵا و هاوبەشی ئێراق پرەنسیپەکانی چارەسەری دیموکراتییانەی کێشەی بونیادنانەوەی سیستەم و تاك و کۆمەڵگا و کێشەی کورد و کێشەی ژن دەخاتە ڕوو، کە گرێکی کێشەی دیموکراتیزەبوون لەئێراق پێك دەهێنن. هەر لەم چوارچێوەیەشدا گەڵاڵەنامەی دەستوورێکی گشتی بۆ ئێراق پێشنیار کردووە.

بێگومان ئەم دەستپێشخەرییە دیموکراسییانەیەی PÇDK هەروەك چۆن گوزارشت لەداخوازی و بەرژەوەندی گشت گەلانی ئێراق دەکات، ئەوا بەهەمان شێوە گوزارەکردنە لە وشیاری و هەستیاری و ئامادەبوونی گەلی کورد و هەستکردن بەڕۆڵی دینامیکیانەی خۆی لەدیموکراتیزەکردنی ئێراق و داهاتوویەکی پڕشنگدار بۆ سەرجەم گەلانی ئێراق.

## PÇDK: سەردەم "سەردەمی چارەسەری بەکێتی دیموکراتیانەیە

بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلانی ئێراق PÇDK پرۆژەی چارەسەری دیموکراسییانەی ئاشکراکرد. ئەم پرۆژەیە لەسەر بنەمای دیموکراتییانە داڕێژراوە و بەرژەوەندی باڵا و هاوبەشی گەلانی ئێراق تێیدا پارێزراوە، هەروەها بەپێی پرەنسیپەکانی چارەسەری دیموکراتیانە کێشەی بونیادنانەوەی سیستەم و تاك و کۆمەڵگای ئێراق و کێشەی کورد و کێشەی ژن دەخاتە ڕوو. لەم چوارچێوەیەدا PÇDK پرۆژەی بەدیموکراتیزە بوونی ئێراق بۆ ڕای گشتی و جیهان ڕادەگەیەنێت. پرۆژەی چارەسەری بەشێوەیەکی زانستیانە و دوور لە نەتەوەپەرستی سەردەتایی و مەزهەبگەرایی داڕێژراوە، برایەتی و پێکەوە ژیانی ئازادانە بۆ هەموو گەلانی ئێراق دەستەبەر دەکات. شایەنی باسە ئەم پرۆژە مێژووییەی PÇDK لەکاتێکدایە کە ئێراق بە باروودۆخێکی هەستیار و چارەنووسسازدا تێدەپەڕێ، بۆیە ئەم دەستپێشخەرییە دیموکراتیانەیەی PÇDK ڕۆڵێکی گرنگ لە خولقاندنی کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ سەبارەت بە داهاتووی ئێراق دەگێڕێت. خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان ئاگادار دەکەینەوە کە ئەم پرۆژەیە لەم ڕۆژانەدا دەگەوێتە دەستی هەموو لایەك. چاوەڕوانبن.

### پیرۆزبایی

بەبۆنەی جەژنی ١ی ئایارەوە بەناوی ئەندامانی ستاف ڕۆژنامەی چارەسەری؛ پیرۆزبایی خۆمان لەسەرجەم کرێکاران و زەحمەتکێشانی جیهان و باشووری کوردستان و ئێراق دەکەین. ئومێدەوارین پیرۆزبایی جەژنی ئەمساڵ بەبێ دیکتاتۆری ڕژێمی سەددام حوسێن ببێتە هەنگاوی یەکەم بۆ بەدیهێنانی ماف کرێکاران و زەحمەتکێشان. بۆیە هیواداریین لەم ڕۆژە پیرۆزەدا سەرجەم کرێکارانی باشووری کوردستان و ئێراق بەدروشمی برایەتی گەلان و پێکەوە ژیانی ئازادانە ئاهەنگەکانی ئەمساڵی یەکی ئایار پیرۆزبکەن و ئەم ڕۆژەش بکرێتە ڕۆژی تێکۆشانی دیموکراسی.

**ڕۆژنامەی چارەسەری**

# پرۆژەی چارەسەری KADEK بۆ هەرچوارپارچەی کوردستان

وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەکێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکانیانەوە رووبەڕوو ماون، لەگەڵ دەستێوەردانی ئێراق ئەوانیش دەکەونە قۆناخێکی نوێوە. لەم قۆناخەدا هەل و مەرجی چارەسەرکردنی کێشەکان کامڵ بوونە. بەچارەسەرکردنی یەکێتی دیموکراتیانە هەوڵەکانی ئاشتی و شەڕ پێکەوە هاوتەریب دەبن. ئەمەش لەدەستێوەردانی ئێراقدا دەرکەوت. کاتێك رێگا لەپێش چارەسەری سیاسیانە دەگیردرێت شەڕ خۆی دەسەپێنێت. ئەگەر رێگای چارەسەری دەستنیشان نەکرێت، پاراستنی ئاشتی هیچ واتایەکی نامێنێت. وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەرامبەر بەکێشەکانیان هەڵوێستی بێ چارەسەری نیشان دەدەن، هەروەها کێشەی زیاتریش دەردەخەنەپێش. ئەگەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ پێش نەکەوێت ئەوا بەرپرسیاری یەکەمین ئەم رژێمانەن. ئەو رژێمانەی بەرامبەر بە گۆڕانکاری رادەوەستن، ئەوا لەدواوە دەمێننەوە. ئەم رژێمانە لەکۆچبەری و نکۆڵی و قرکردن زێدەتر هیچیان بەگەلی کورد نەداوە. هەر بۆ ئەوەی ئەم ستاتۆیە لەدواوە بمێنێت، بەهەوڵدانی سەرۆکی گشتی KADEK عەبدوڵا ئۆجـ ئالان تێکۆشانی نەتەوەیی دەستی پێکرد. ئەنجامی سەرکەوتنەکانی ئەم تێکۆشانەش لەگەڵ پیلانگێری نێودەوڵەتی رووبەڕوومانەوە. ئەمریکاش پشتگیری خۆی بۆ رژێمە ستاتۆ پارێزەکانی ناوچەکە دژ بەتێکۆشانی ئازادی گەلی کورد نیشانداوە. هەرچەندە گەلی کورد بەسەرهەڵدانی سیاسی تێکۆشانی ئاشتیانەی نیشان دابێت، رژێمی هەیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد هەنگاوی نەهاوێشتوە. هەروەها تورکیا، ئێراق، ئێران و سووریا بۆ ئەوەی گۆڕانکاری ئەنجام نەدەن رق و کینی خۆیان نیشان دەدەن، ئەمەش لەدەستێوەرانی ئێراقدا بەئاشکرایی دەرکەوت. ئەگەر ئەم رژێمانە بەشێوەیەکی دیموکراتییانە گۆڕانکاری ئەنجام نەدەن ئەوا وەکو ئێراق رووبەڕووی دەستێوەردان دەبنەوە، تەنها رێگەی چارەسەریش بەدیموکراتی بوونە. بۆ ئەوەی دەستێوەردانی ئێراقیش بگاتە سەرکەوتن پێویستە دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ دەستەبەر بکرێت. بەڵام ئەگەر رژێمی نوێش وەکو رژێمە کۆنەکان بونیاد بنرێت ئەوا ئاڵۆزی مەزن لەگەڵ خۆی دێنێت. هەروەها لەبەیاننامەکەدا KADEK لەگەلانی ناوچەکە داوا دەکات کە تێکۆشانی دیموکراتی و ئاشتی و ئازادی بەهێز بکەن و بانگەوازیشی بۆ هێزە نەتەوەییەکانی کوردستان کرد کە لەسەر رێبازی شارستانی دیموکراتی یەك بگرین. پێویستە لەشوێنی چارەسەری نەتەوەپەرستی، چارەسەری یەکێتی دیموکراتیانە بەبنەما بگیردرێت، دەبێت هەموو هێزی نەتەوەیی کورد KADEK بۆ خۆیان بەنموونە بگرن و بکەونە قۆناخی وەرچەرخان و گۆڕانکاری دیموکراتی. لەم چوارچێوەیەدا بەمەبەستی چارەسەری کێشەی کورد و هەموو گەلانی ئێراق KADEK پرۆژەی چارەسەری راگەیاند کە ئەم خاڵانە لەخۆوە دەگرێت:

یەکەم: پێویستە رژێمی نوێی ئێراق سیستەمی پەرلەمانتاری دیموکراتیك بێت. لەم چوارچێوەیەدا بۆ داڕشتنەوەی دەستووری بنچینەیی پێویستە هەموو چین و توێژە سیاسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەییەکان تێیدا بەشدار بن.

دووەم: لەرژێمی نوێدا پێویستە مافی مرۆڤ، ئازادی، دیموکراتی لەسەر بنەمای گەردوونی بێت.

سێیەم: پێویستە خەباتی سیاسی و دامەزراندنی پارتی سیاسی لەچوارچێوەیەکی ئازاد دابێت، کە لەدەستوور و یاساکاندا ئاسایشیان دابین بکرێت.

چوارەم: پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی وەك بنەمای رژێمی دیموکراتیك دابنرێت و ئاسایشیان لەسەر بنەمای دەستووری بنچینەیی و یاساکان دابین بکرێت.

پێنجەم: پێویستە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ژیان و کار و ئاسایشیان بەیاسا مسۆگەر بکرێت.

شەشەم: پێویستە یەکێتی ئێراق لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی کۆمەڵگای عەرەب، کورد، ئاشووری و تورکمان، بپارێزرێت و دابنرێت.

حەوتەم: کەرکوك و موسڵ، لەسنووری فیدراسیۆنی کوردستاندا خاوەنی ستاتۆی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتە و وەکو ئەیالەتیش لەبەرامبەر پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیار دەبێت.

هەشتەم: پێویستە کورد و ئاسووری لەگەڵ ئەو تورکمانانەی کەبە زۆرە ملێ لەسەر ماڵ و خاکی خۆیان دەرکراون بگەڕێنەوە و هەروەها ئەوانەی بەهۆی کاری سیاسییەوە، کۆچیان پێکراوە قەرەبوو بکرێنەوە.

نۆیەم: پێویستە پێگەی فیدراڵی کوردستان و ئازادی گەلی کورد لەدەستووری بنچینەیی ئێراقدا بەشێکی تایبەت و جیاوازی بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئەوەش:

أ ـ پێویستە لەکوردستاندا دەستپێشخەری فراوان لەرێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد و پەرلەمانتاری ساز بکرێت. مۆدێلی سیستەمی ئەیالەت کە لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەدەچێت، ئاسایشی بەدەستووری بنچینەیی و یاسا دابین بکرێت.

ب ـ ئەو پەرلەمانەی کوردستان کە بەهەڵبژاردنێکی ئازاد دادەمەزرێت، پێویستە پەرلەمانێکی نەتەوەیی بێت و پەیوەندی لەنێوان پەرلەمانی ناوەندی و ئەیالەتەکان هەبێت و بتوانێت یاسای گشتی داڕێژێت.

ج ـ پێویستە لەکوردستانی فیدراڵدا ئازادی دامەزراندنی پارت و کار و خەباتیان بەدەستووری بنچینەیی مسۆگەر بکرێت و مافی خۆ جیاکردنەوەی هیچ پارتییەك نەبێت. پێویستە کۆتایی بەدەوری جیاکەرەوەی YNK وPDK بێت. پێویستە لەکوردستانی فیدراڵدا دامەزراندن و پێشکەوتنی رێکخراوی کۆمەڵایەتی و مەدەنی ژنان و رەنجدەران لەدەستووری بنچینەیی مسۆگەر بکرێت.

د ـ پێویستە گەلانی ئاسووری، تورکمان و مافی تایبەتی یەزیدیەکان و ئەوانی تر دانی پێدا بنرێت و بەشداری بەڕێوەبەرایەتی بکرێن.

# عوسمان ئۆج ئاڵان: کوردان دەیانەوێت لەسەر بنەمای یەکێتی دیموکراتییانە بژین

ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتی KADEK بەڕێز "عوسمان ئۆج ئاڵان" سەبارەت بەچارەسەری دیموکراتییانەی کێشەی کورد رایگەیاند: بۆئەوەی لەنێو کوردان یەکێتی نەتەوەیی بەدیبێت هەل و مەرج لەبارە. تائێستا زۆر هێز ئاگۆکیان لەنێوان کوردان خوڵقاندووە. بەڵام ئێستا کەس نایەوێت لەنێو کوردان شەڕ بێتە ئاراوە. هەروەها رایگەیاند: لەماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا نەهاتنە ئاراوەی شەڕ لەنێوان هێزە کوردیەکان خاڵێکی ئەرێنییە. زۆر واتادارە کە لەهەر چوارپارچەی کوردستان گەل یەکێتی نەتەوەیی دەوێت و چەندە گەل لە دژی شەڕ رابوەستێت و لایەنگری یەکگرتنیش بێت، هێندەش هاتنە ئاراوەی شەڕی ناوخۆیی زەمینەی نامێنێت. هەرلەم بارەیەوە رایگەیاند: کە دەوڵەتانی هەرێمەکە کاتێ حیسابیان لەگەڵ ئەواندا یەکی نەگرتبێتەوە، کوردانیان بەجوداخواز ناوزەد کردووە و ئەمەش یەکێکە لەو هەڵوێستە نکۆڵیکارانەی کە کوردان لەبەرامبەری راپەڕین. هەروەها وتی: کوردان دەیانەوێت لەسەر بنەمای یەکێتی دیموکراتیانە بژین و ئەم چارەسەریەش بۆ پێشکەوتنی هەموو گەلان لەهەرێمەکە پێویستە. لەهەمانکاتدا رایگەیاند: هێزی چەکداری بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەیە و ئەگەر بۆ چارەسەری کێشەکە لەتورکیا و پارچەکانی تری کوردستان هەنگاو بنرێت، ئەوا خۆشیان پێویستی بەهێزی چەکداری نابینن. ئەو هێزانەی دەیانەوێت لەگەڵ گەلی کورد دیالۆگ ساز بکەن، بێ KADEK ناتوانن چارەسەری پێکبهێنن. بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد ئێمە ئامادەین لەگەڵ هەموو هێزەکانی جیهان دیالۆگ ساز بکەین، بەڵام هیچ هێزێك بەدەر لە KADEK ش ناتوانێ بەتەنیا چارەسەری بهێنێ. هەروەها رایگەیاند: پێویستە لەباشووری کوردستان لەشوێنی باڵادەستی پارتەکان، باڵادەستی پەرلەمان هەبێت و سەرنجی بۆ سەر گرنگی بەشداریکردنی نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەپەرلەمان راکێشا. هەروەها وتی: پێویستە ئێران و سوریا سیاسەتیان لەبەرامبەر کورد رەچاو بکەنەوە و داوای کرد لەو وڵاتانە گۆڕانکاری دیموکراتییانە بەدیبێت.

## جەماوەری شارۆچکەی مەخمور بە هەڵوێستی PÇDK خۆشحاڵن

پەیامنێری چارەسەری: جەماوەری شارۆچکەی مەخمور خۆشحاڵن بەوەی کە شوێنە گشتییەکان لەکاتی ئازادکردنی شارۆچکەکەیاندا بەر شاڵاوی تاڵان و راوڕووت نەکەوتووە.
شایەنی ئاماژەپێکردنە شارۆچکەی مەخمور لەلایەن ڕێکخستنەکانی PÇDK بەهاوکاری پەنابەرانی مەخمور ئازاد کرا و لەسەرەتادا هەموو شوێنە گشتی و دەزگاخزمەتگوزارییەکانیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و ڕێگەیان بەهیچ دەستە و گروپێك نەدا کاری ئاژاوەگێڕی و تێکدان و تاڵان بکەن. دوای ئەوەش هەموو شوێنەکان بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی لێ کەم بووبێتەوە تەسلیم بەدەزگا بەرپرسەکانی هەرێم کردەوە. بۆ ئەمەش جەماوەری شارۆچکەکە خۆشحاڵن بەو هەڵوێستەی PÇDK و ئەمەش وەکو نموونەی شۆڕشگێڕی و وڵاتپارێزی و دەستپاکی هەڵدەسەنگێنن.

## KADEK یەکی ئایار پیرۆز دەکات

KADEK بەبۆنەی یەکی ئایار رۆژی جیهانی کرێکاران و رەنجدەران پەیامێکی بڵاوکردەوە. جەژنی هەموو رەنجدەرانی پیرۆز کرد کە لەپێناوی ئازادی گەلان تێدەکۆشن. لەبەیاننامەکەدا هاتووە کە جەژنی یەکی ئایار دەربڕی ئازادی، داد، یەکسانی و میراسی دیموکراسی و هاوکاری نێودەوڵەتییە. هەروەها بانگەوازی کرد کە لەدژی ئیمپریالیزمی گلۆباڵ تێکۆشانی دیموکراسی بەهێز بکەن. لەم چوارچێوەیەدا داوا دەکات رەنجدەران، ژنان و ژینگەپارێزان لەدژی ئیمپریالیزمی گلۆباڵ پیرۆزباییەکانی یەکی ئایاری ئەمساڵ بکەنە تێکۆشانی دیموکراسی گلۆباڵ و بانگەوازی ئاراستەی ئەم هێزانە کرد، کە دەست بەهەنگاوێکی نوێی گلۆباڵ بکەن. هەروەها لە پەیامەکەدا هاتووەو دەڵێت:ئیمپریالیزمی گلۆباڵ بۆ ئەوەی بتوانێت سەرمایەی بەشێوەیەکی ئازادانە وەگەڕبخات، دەوڵەت و پشێوی هاوچەرخ بەلاوە دەنێت و بۆ ئەمەش دیموکراسی لەسەر ئەم هێڵە بەڕێوە دەبات. لەبەرامبەر ئەوەش پێویستە هێڵی ئازادیخوازی، یەکسانی و دادوەرانەی دیموکراسی ببێتە خاوەن دەستپێشخەری. ئەوەش وەبیردێنێتەوە کە سەدەی بیست و یەکەم سەدەی گەلانە و بۆ ئەوەی گەل و رەنجدەران ئەمە جێ بەجێ بکەن پێویستە دەرك بە ئازادی و بەهاکانی بکەن.

## لەدوای رووخانی رژێم گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەدۆزرێنەوە

لەکۆڵانێکی پایتەختی ئێراق گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، کە پێشبینی دەکرێت لەگۆڕەکەدا نزیکەی هەزار تەرم هەبێت. لەبەغداد و دەوروبەری پێنج گۆڕی تری بەکۆمەڵ هەن کە ژمارەی زیندانیانی سیاسی لەسەردەمی رژێمی سەددامدا دەگاتە شەش هەزار کەس. ئەو کەسەی لەگۆڕستانەکەدا کاری دەکرد بەناوی "محەمەد موحسین محەمەد" لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسەکانی رۆژئاوا وتی: کە لەگرتووخانەی "ئەبو غرێب" ٩٩٢ تەرم دۆزراوەتەوە، بەپێی زانیاریەکانی ناوبراو ژن ولاو هەن لەناو تەرمەکاندا کە تەمەنیان لەنێوان ١٥تا ٢٠ساڵانە. بەپێی سەرچاوەکان ناو لەسەر گۆڕەکان نییە، بەڵکو تەنها ژمارە هەیە. کەس و کاری زیندانییە سیاسییەکان لەدەوروبەری گۆڕەکە کۆبوونەوە و هەوڵیاندا تەرمەکان بناسنەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی زیندانییە سیاسییەکان لەسەردەمی رژێمی رووخاودا بێ سەر و شوێن بوون، کاروباری دۆزینەوەیان درێژ خایەن دەبێت. لەلایەکی دیکە لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو گۆڕە بەکۆمەڵەی کە هەفتەی رابردوو لەشاری کەرکوك دۆزرابووەوە بەردەوامە. لەموسڵ، بەسرە و شارەکانی تری ئێراق هەوڵی دۆزینەوە گۆڕی بەکۆمەڵ دەدرێت.

# پێنماییەکانی ڕێبازی چارەسەری



بەرگرینامەکانم لەلایەن CIA یەوە بەباشی دەرکی پێکراوە و (پۆزسیۆن) هەڵوەستەیەکی گونجاو بەمەیان وەرگرت، بەگوێرەی ئەمە سیاسەتی بنچینەیی خۆیان بەڕێوەدەبەن. تازە بەتازە گفتوگۆ لەسەر ئەو شتانە دەکەن کە پێشتر گوتبووم.

## من تێزی فیدراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم پێشخست

دەڵێن: نوێنەرایەتی و دیموکراسیەکی گشتگیرانە، ئەو بژاردیە لەجیهاندا پێش دەکەوێت. لەبەرگرینامەکانمدا دەستنیشانکردنی وەها هەن کە مارکس و لینینیش تێدە پەڕێنێت. لۆژیکی مێژووی پێشکەوتنەکانی جیهانم خستە ڕوو هەندێک لەچەپڕەوە ساختەکان لەمە تێنەگەیشتن. دەڵێن: چۆن ئەمەی پێشخست؟ ئەو چەمکانەی کە لەسەر بنەمای کاپیتالیزم و سۆسیالیزمی بونیادنراون، لەمە تێنەگەیشتن. بۆش لۆژیکی ئیمپریالیزم پێشدەخات. لەبەرگرینامەکانمدا ئەمانەم دەستنیشان کرد، ئێرانم شیکردەوە، ئیسرائیلم شیکردەوە. ئەگەر ئەوانە نەخوێننەوە ئەوا ناتوانن تێبگەن. لەسەردەمی "باراک" دا دەتوانرا کێشەی فەلەستین چارەسەر بکرێت، ئەوکاتە " حافز ئەسەد"یش لەژیاندا مابوو. ئەوکاتە ئەوانیشم ئاگادار کردەوە. دەیانتوانی کێشەکە چارەسەر بکەن و ڕووەو چارەسەریەکی دیموکراسیانە بچن. بەلام مێشکی عەرەبەکان و نەتەوەپەرستییەکی کوێرانە هۆکار بوو. لەبەر ئەوەی لەو قۆناخەدا کێشەی فەلەستین چارەسەر نەبوو، فەلەستین بیس دەبێت. تێزی فیدراسیۆنی دیموکراسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم پێش خست. تەنانەت گوتم: بۆ ئەمە کۆمەڵە یەکێش دابمەزرێنن.

لەگەڵ دەستپێکردنی سالانی ١٩٩٠ دەیانخواست نەتەوەپەرستێتی کوردان پێشبخەن، بەربەستی هەرە گەورە، لەبەردەم ئەمە من بووم. ئەوانەی نەتەوەپەرستیشیان پێشدەخست و دەیانگوت" ئاپۆ بەلای هەرە گەورەیە". لەلای ئێمەشەوە لەگەڵ دەستپێکردنی سالی ١٩٩٣ کۆنترۆلم تۆکمە نەکرد و، بزووتنەوەی گەل پێشکەوتنی بەدەستهێنا لەم قۆناخەدا بەتەواوی کۆنترۆلمان تۆکمە نەکرد. بەلای وەکو شەمدین، ڕووبەڕوومان دەرکەوت. لەسالانی ١٩٩٠ تەنانەت کلنتۆنیش کاتێک هاتە سەر دەسەلات، لەپڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی خۆیدا، پەیامی بەئێمە دەدا. دەیگوت: بەشداری خۆمان بۆ چارەسەری پێشکەش دەکەین. ئەڵمانیا لەبەرامبەر هەڵوێستی ئێمەی دژبە نەتەوەپەرستێتی، هاوکاری نەتەوەپەرستانی کوردی کرد. لەو قۆناخەدا ئێمەشی دەرخستە دەرەوە و قەدەخەکاری پێش خست. ئەگەر سەرنج بدەن قەدەخەکاریەکان لەو قۆناخەدا دەستپێدەکەن.

ئەو پێکهاتەیەی کە لەباشووری کوردستاندا لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی پێشدەکەوێت دەتوانێ سەدان سال داهاتووی کوردان تاریک بکات. کۆمار لەسەرەتادا لەسەر بنەمای شۆڕشگێڕی دامەزرا، بەلام دوای ئەوە بوو بەئۆلیگارشی. ئەگەر دەوڵەتی کوردی لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی پێش بکەوێت، هیوای ئازادی و دیموکراسی کوردان ژێر پێ دەخات. دەتوانن خواستی دیموکراسی کوردان بکوژن. لەوانەیە شتی هاوشێوەیی "حزب الله" پێش بکەوێ. دەبنە بەلا بەسەر سەری کوردانەوە. پێویستە ئەمانە بزانرێت، سەبارەت بەدامەزراندنی دەوڵەت شتێک نالێم. ئەگەر دەتوانن با دەوڵەتیش دابمەزرێنن. بەلام ئێمە واز لەتێکۆشانی دیموکراسی خۆمان ناهێنین.

بەرۆشنبیرانی کورد و تورك ڕابگەیەنن کە واز لەتێکۆشانی دیموکراسی نەهێنن. یەکێتی و یەك پارچەیی تورکیا بەئازادبوون و دیموکراسی بوونی گەلی کورددا تێدەپەڕێت. ئەو قەیرانەی کە لەتورکیاشدا هەیە مەگەر بەم شێوەیە تێبپەڕێنرێت. بەم شێوەیە دەتوانرێت فەبوونێك بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست ئەنجام بدرێت. بەشێوازەکانی ئەنوەر پاشاوە، نابێت. بەلکو بەتورکیایەکی دیموکرات و هاوچەرخ دەبێت. یەکێتی تورکیا فەبوونی تورکیا بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، مەگەر تەنها بەپەیوەندی ستراتیژی نێوان کورد و تورکان وەدیبێت.

لێرەدا بانگەوازیەکی مێژوویی دەکەم، لەپێناو چارەسەریەکی دیموکراسیانە حکومەتی تورکیا بانگێشتی دیالۆگ دەکەم، ئەگەر هێرش بکەنە سەر هێزەکانی پاراستنی ڕەوا ئەوا خوێن دەڕژێت. لەرەوشێکی وەهاشدا بەرپرسیاری ئەم خوێنە ئێمە نین، بەلکو حکومەتە.

# بۆ رای گشتی

لەرۆژانی ١٤ ـ ١٧ نیساندا ئەنجوومەنی پارتیمان پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ساز کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا رەوشی ئێراق و ئەو دەرفەتەی کە لەئێراق و ناوچەکەدا هاتۆتە ئاراوە بەشێوەیەکی بەرفراوان هەڵسەنگێنرا، هەروەها خەباتی پارتیمان و ئەو رۆڵەی کە تا ئێستا گێراویەتی و ئەو ئەرکەی کە ئەمرۆ دەکەوێتە سەرشانی بزووتنەوەی ئازادی و دیموکراتیخوازی گەلی کورد دەستنیشان کرا و، گەلێک بڕیاری گرنگ لەم بارەیەوە وەرگیرا.

رووخانی رژێمی ئێراق کە نوێنەرایەتی سیستەمێك دەکات، کە رەگ و ریشەی بۆ دەوڵەتی راهیبی سۆمەر دەگەڕێتەوە، ئەو سیستەمە بوو، کە ئیدی رۆڵی مێژوویی لەدەست دابوو، نوێنەرایەتی پاشڤەرۆیەتی و زهنییەتێکی میلیتاریستیانەی دەکرد، کە لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ناکۆك بوو. ئەو رژێمە لەدیموکراسییەت داماڵرابوو. ئیرادە و ئازادی گەلانی ئێراقی نەدەناسی و لەدژی دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بوو. ئەو زهنییەتە باڵادەستە رەهایەی کە لەدەوڵەتی سۆمەرەوە سەرچاوەی خۆی گرتبوو، لەرژێمی سەددامدا دەوڵەتی ئۆتۆکراتی بەرادەیەك پیرۆز کرابوو، کە هیچ جیاوازی لەگەڵ رابردوو نەبوو، لەرێگەی دەوڵەت ئیرادەی گەلان تێکشکێنرابوو، مافی مرۆڤ و ئازادی گەلان کرابووە قوربانی ئەو رژێم و دەوڵەتە. گەورەترین تاوان ئەوە بوو کە لەدژی دەوڵەت و دامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی بوەستی. هەربۆیە دەبینین ئەمرۆش لەئێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە بەپیرۆز کردنی دەوڵەتی پاشڤەرۆ، مافی مرۆڤ و ئازادی گەلان بێ نرخ هێڵراونەتەوە، ئەو رژێمانە بوونە کۆسپێکی سەرەکی لەبەردەم چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا، رژێمێکی دۆگمای وەها هاتە ئاراوە، کە بێجگە لەچەوساندنەوە و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا، نەیدەتوانی هەنگاوێك بهاوێژێ. هەربۆیە رووخاندنی رژێمی ئێراق، بەواتای تێکچوونی ئەو دەوڵەتەی کە تەمەنی بۆ ٥ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە دێت، لەهەمانکاتدا دێتە واتای سەرەتای رووخاندنی گشت رژێمەکانی ناوچەکەش. هەروەها جارێکیتر جیهان و ناوچەکەش لەم خاکەدا شێوە دەگرێ. بۆیە تێکچوونی ئەو رژێمەش دەبێتە سەرەتای ئازادی و رزگاری گەلان، کە ئەمەش لەگەڵ خۆیدا زەمینەی تێکۆشانی دیموکراسی بەهێز دەکات. بۆیە ئیدی کاتی دەرکەوتنی ئیرادەی گەل و باڵادەستبوونی ئازادی و مافی مرۆڤ هاتووە.

هەروەها بەرووخانی رژێمی ئێراق، ئەرکی قۆناخ تێکۆشانە لەدژی گشت هێز و زهنییەتە پاشڤەرۆکانی پاشماوەی رژێمی میلیتاریستی ئێراق. هەروەها پێویستە لەم قۆناخەدا لەدژی گشت سیاسەت و بۆچوونە مەترسیدارەکانی وەکو دەمارگیری ئایینی و نەتەوەپەرستی کلاسیك بووەستین، کە هەمیشە ناکۆکی خستۆتە نێو گەلانی ئێراق و شەڕ و توندوتیژی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. کێشەکانی کۆمەڵگای قووڵ و فراوانکردووە و لەبەرامبەر ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ کۆسپێکی سەرەکی بووە. ئەمرۆش ئەگەر لاوازیش بێت، بەڵام مەترسی ئەو زهنییەتە لەسیاسەت و بۆچوونی هەندێ هێز و ناوەندێدا دەبینرێ. بۆیە پێویستە گەلەکەمان لەم بارەیەوە، وشیار بن و ئەو هەڵوێست و زهنییەتە مەحکوم بکەن، ئەویش باوەڕی هێنانە بەیەکێتی ئازادانەی گەلان و دیموکراسییەت. گەلانی ئێراق بەکورد، عەرەب، ئاسوری و تورکمان رێگە نەدەن جارێکیتر ببنە قوربانی ئەو سیاسەتە پاشڤەرۆیانەی کە ریزەکانی گەلانی ئێراق پارچە دەکات و بەڵکو چارەسەری و ئازادی و سەرکەوتنی ئیرادەی گەلانی ئێراق بەبرایەتی و یەکێتییەکی ئازادانە مەیسەر دەبێت، کە هەرکەس بەناسنامەی خۆی لەبونیادنانی ئێراقێکی دیموکراتیکدا رۆڵ ببینێ. کەسێك ناکۆکی بخاتە نێو گەلان پاشڤەرۆیە و دژی ئازادی و مافی گەلانی ئێراقە. بێگومان ئەمەش بەتێکۆشانی دیموکراسیانە و رێنمایی نوێ و هاوچەرخ دەبێت، کە پێوانەکانی دیموکراسییەت بەبنەما وەربگرێت. پارتیمان هەست بەو بەرپرسیارێتییە مێژووییە دەکات و بانگەوازی بۆ پێشخستنی تێکۆشانی دیموکراسیانە دەکات. ئەمرۆ هەوڵدەدات کە بەرەیەکی دیموکراتیخواز لەهێز و لایەن و کەسایەتی عەرەب، کورد، تورکمان و ئاسوری و بەدیهاتنی ئازادی گەلان لەسەرخستنی تێکۆشانی دیموکراسیانە و بەهێز کردنی بەرەی دیموکراتیخوازدا دەبینێ. تەنانەت بۆ داهاتووی ئێراق پرۆژەیەکی چارەسەری و دەستورێکی ئامادە کردووە و لەماوەیەکی کەمدا پێشکەشی رای گشتی و هێز و لایەنەکانی ئێراقی دەکرێت. ئەمەش یەکێکە لەو پرۆژانەی کە لەسەر بنەما و پرەنسیبی دیموکراسیانە دایڕشتووە، کە رێبازی شارستانییەتی دیموکراسیانە بەبنەما وەردەگرێت.

لەکۆتاییشدا پارتیمان ئەم قۆناخە وەك سەرەتای تێکۆشانی ئازادی و دیموکراسی دەبینێ، لەپاڵ ئەو مەترسیانەی کە باسکران، هەروەها ئەو دەرفەتەش باش هەڵدەسەنگێنێ کە دوای ٥ هەزار ساڵ بۆ گەلانی ئێراق هەلکەوتووە، ئەرکی سەرەکی قۆناخیش تێکۆشان لەپێناو نەهێشتنی ئاسەواری سیستەمی پاشڤەرۆیە و دەرخستنی دینامیکی گەلانی ئێراقە، کە بتوانن لەبونیادنانەوەی ئێراق رۆڵ ببینن. چونکە هەموو هێزێك دەتوانێ لەرووخاندندا رۆڵ بگێرێت، بەڵام لەبونیادنانەوەی سیستەمێکی دیموکراسیدا، تەنیا هێزی نوێ دەتوانێ ئەو رۆڵە بگێرێت کە لەهەناوی کۆمەڵگاوە سەرهەڵبدات. ئەمرۆش PÇDK هێزی خۆی لەراستینەی گەلی ئێراق و رێنمایی شارستانییەتی دیموکراسییانە دەگرێت. ئەم رۆڵەش بێ دوودڵی دەخاتە سەرشانی. ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەرشانی گشت کەسێك، مرۆڤایەتیش چاوەڕوانی وەڵامێکی بەمەرجنگیە. چونکە دیموکراتیزەبوونی ئێراقیش بەئازادی گەلی کورد و گەلانی ئێراق پەیوەستە. بۆ ئەمەش رۆژانی ئازادی و تێکۆشانی دیموکراسی دەستی پێکردووە، تەنیا دەرفەتێکیش بۆ ئەو هێزانە دەبێت کە دیموکراسییەت و ئیرادەی گەلان بکەنە بنەمای تێکۆشان.

ـ بژی تێکۆشانی ئازادی و دیموکراسی گەلان
ـ بژی پێشەنگی تێکۆشانی دیموکراسی PÇDK
ـ بژی سەرۆک ئاپۆ

ئەنجوومەنی
پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان PÇDK
٢٠٠٢/٤/ ٣٠

ڕیپۆرتاژ

# لەئێراقدا تاکە ڕێگەی چارەسەری ئاواکردنی سیستەمێکی دیموکراتییە



ڕۆژنامەکەمان بەپێویستی زانی سەبارەت بەدوایین ڕەوشی سیاسی جیهان و ناوچەکە و بەتایبەت ئێراق، ڕیپۆرتاژێک لەگەڵ بەڕێز عوسمان ئۆجەلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی گشتی KADEK سازبکات، ئەمەش دەقی ڕیپۆرتاژەکەیە.

چارەسەری: دەستێوەردانی ئەمریکا و ئینگلیز لەسەر ئێراق بەخێرایی ڕەوشێکی نوێی هێنایە ئاراوە، ئەمەش بەواتای کۆتایی هاتنەبەستاتۆی کۆنی سیاسی جیهان دێت. وڵاتە ڕۆژئاوایی و هەرێمییەکان دژایەتی لەبەرامبەر ئەمەدەکەن، ئێوە ئەم شەڕە چۆن هەڵدەسەنگێنن. لەلایەکی تریشەوە لەنێو ڕای گشتی جیهاندا دژایەتی کردنی شەڕ هەیە، ئایا ئەمە چ کاریگەرییەک لەسەر ئاوابوونی ستاتۆی نوێ دەکات؟

عوسمان ئۆجەلان: هێرشی ئەمریکا و ئینگلستان بۆ سەر ئێراق، ڕەوشێکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا. تێکچوونی ڕژێمی ئێراق، ڕێگای لەبەردەم تێکچوونی ستاتۆی هەیی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کردەوە و سیستەمی جیهانیشی هەژاند. ڕژێمی ئێراق لەهەموو ڕوویەکەوە نوێنەرایەتی پاشەڕۆیی دەکرد، ئەشتێکی هەبوو بیداتە گەلانی ئێراق، ئەلەتوانانیشیدا هەبوو کە خزمەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات. دەتوانین بڵێین ئەم ڕژێمە کۆسپێکی بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگا بوو. ئەمدەهێشت لەئێراق و لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیموکراسی پێشبکەوێت. هەڵبەتە لەهەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕژێمی هەرە دواکەوتوو ڕژێمی سەددام بوو. ئەو ڕژێمە پێشکەوتنی کۆمەڵگای ڕاوەستاندبوو، بۆیە لەهەموو ڕوویەکەوە پێویست بوو کە ئەو ڕژێمە بڕووخێنرێت. دوای ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە، دەتوانرێت بگوترێت ڕێگا لەبەردەم دروستبوونی ڕژێمێکی دیموکراتی لەئێراقدا ئاوەڵا بووە. لەلایەکی تریشەوە ئەمە ڕێگای لەبەردەم خراپ بوونی گشت ستاتۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردەوە. ئەگەر هەندێک جیاوازی بچووکیش هەبێت، بەڵام هەموو ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوشێوەی ڕژێمی ئێراقن. تەواوی ڕژێمەکانی ناوچەکە ڕێگە بەوە نادەن، کە کۆمەڵگا پێشبکەوێت. ئەو ڕژێمانە لەدژی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ سەنگەریان گرتووە. بۆیە پێویستە هەروەکو چۆن لەئێراقدا ڕوویدا لەهەموو وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، قۆناخی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی دیموکراسی دەستپێبکات. بەشێوازێک لەشێوازەکان، هەموو ڕژێمەکانی ناوچەکە تێکدەچن و ڕێگا لەبەردەم ڕژێمی دیموکراسی ئاوەڵا دەبێت.

لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین، بەدەستێوەردانی ئێراق، ستاتۆکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتۆتە ڕەوشی تێکچوون و خراپ بوون. ئەگەر بەڕێگا و شێوازی جیاوازیش بێت، ماوەیەکی درێژ ناخایەنێ و هەموو ڕژێمەکانی ناوچەکە یەک بەیەک تێکدەچن. هەلومەرجی دامەزراندنی سیستەمی دیموکراتیک پێش دەکەون. بۆیە دەتوانین بڵێین دەستێوەردانی ئێراق، دەستێوەردانی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەگەر هەلومەرجی پێش شەڕ بهێنینە بەرچاو، ئەوا ئەو ڕاستییە باشتر دەبینین. ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەبارەت بەهیچ کێشەیەک نەیاندەتوانی ببنە خاوەنی هەڵوێستێکی هاوبەش؛ بەڵام لەدژی دەستێوەردان و شەڕ لەئێراقدا بوونە خاوەنی هەڵوێستێکی هاوبەش. هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەوە بوو؛ ئەو ڕژێمانە بینیان کە تێکچوونی ڕژێمی ئێراق، دەبێتە سەرەتایەک بۆ تێکچوونی هەموو ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەلومەرجی تێکچوونی هەموویان پێشدەکەوێت. ئەگەر بیانزانیبا کە تێکچوونی ڕژێمی ئێراق نابێتە مایەی خراپبوونی ئەوانیش، ئەوا دژایەتی شەڕیان نەدەکرد. ڕژێمە دواکەوتوو و پاشەڕۆکان، لایەنگری ئاشتی نین. ئەوانە دەیانەوێت لەژێر ناوی ئاشتی خۆیان بشارنەوە و خۆیان بپارێزن. ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا، لەمەسەلەکە بڕوانین، ئەوا دەبینین کە ڕژێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لایەنگری ئاشتی نین. لەلایەکی تر گەلێک هێزی جیهانی گەورە و بچووک نارەزایی خۆیان بۆ شەڕ نیشاندا. لەسەرووی هەموویشیانەوە ڕوسیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا، دێن.

هەروەکو گوتمان دەستێوەردانی ئێراق، سیستەمی جیهانی دەهەژێنێ و ڕێگا لەبەردەم هەڵوەشانەوەی دەکاتەوە. هەروەکو دەزانرێت پێشتر سیستەمی جیهانی لەسەر دوو کۆڵەکە ڕاوەستابوو، لەسەدەی بیستەمدا بەشێکی سیستەمی جیهانی، سیستەمی کاپیتالیست بوو، بەسەرۆکایەتی ئەمریکا، بەشەکەی تریش سیستەمی سۆسیالیستی بوو بەسەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت. ئەمانە یەک لەدژی ئەوەی تر لەنێو تێکۆشاندا بوون، هەر یەکەیان دەیویست خۆی بەهێز بکات. ئەم سیستەمە لەساڵی ۹۰ کەوتە قۆناخی بڵاوبوونەوە. سیستەمی سۆسیالیزمی بونیادنراو بەسەرۆکایەتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە. ئەم ڕووداوە لەگەڵ خۆیدا سیستەمی سەرمایەداریشی خستە نێو بۆشاییەک. چونکە سیستەمی سەرمایەداری لەهەموو ڕوویەکەوە لەدژی سیستەمی سۆسیالیستی خۆی ڕێکخستبوو. لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی و کولتووری و کۆمەڵایەتی ... هتد سیستەمی سەرمایەداری لەدژی سیستەمی سۆسیالیستی سەنگەری گرتبوو. بۆیە کاتێک سیستەمی سۆسیالیست تێکچوو، ئەوا سیستەمی سەرمایەداریش کەوتە نێو بۆشاییەکەوە. ئەمەش ڕووخانی سیستەمی سەرمایەداری کردە پێویستییەک. بۆ ئەمەش دوو ڕێگا هەبوو، یەکەم؛ یان خۆی خۆی بگۆڕێت، دووەم؛ یان بەتوندوتیژی تێکبچێت. ۱۰ ساڵی ڕابردوو، خەبات بۆ ئەوە کرا کە هەنگاو بەهەنگاو گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت.

بەڵام لەهەموو جێگایەکدا ناکۆکی دەرکەوتنە پێش، ئەو وڵاتانەی کە لەنێو سیستەمی سەرمایەداری جێگای خۆیان دەگرت، بۆ ئەوەی تێکنەچن دەستیان بەبەرخۆدانێک کرد، لەهەموو لایەکی جیهانیشدا ئەو بەرخۆدانە پێشکەوت. جێگایەک نییە کە بەرخۆدانی تێدا پێشنەکەوتبێت. بەمەرەنگە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەرخۆدانی کرد. ئەو هێزانەی کە لەنێو سیستەمی سەرمایەداریدا بوون، لەدژی گۆڕانکاری ڕاوەستان. کاتێک توانستی گۆڕانکاری هەنگاو بەهەنگاو دەرنەکەوتە ڕوو، ڕێگای دووەم کەوتە ڕۆژەڤ واتە بەتوندوتیژی ئەو ڕژێمانە بڕووخێنرێت. شەڕی ئەفغانستان و ئێراق، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت.

لەلایەک ناکۆکی و شەڕ لەنێوان سەرۆکایەتی سیستەمی سەرمایەداری و ئەو وڵاتانەی کە جێگای خۆیان لەنێو ئەو سیستەمەدا دەگرت زۆر دەبێت. وادیار دەبێت کە بەبێ شەڕ گۆڕانکاری ئەنجام نادرێت. بۆ ئەمەش ئەمریکا بەپشتیوانی ئینگلستان، دەستپێشخەری دەکات. بۆ ئەوەی ئەو سیستەم و ڕژێمە سەرمایەدارییانەی کە نابنە وەڵام بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، بەتوندوتیژی تێکیان بشکێنێ. لێرەدا گەلێک هێزی جیهانی نارەزایی خۆیان دەردەبڕن. چونکە لەوە دەترسن ئەمریکا لەڕێگای ئەو دەستپێشخەرییەوە، زیان بە بەرژەوەندییەکانیان بگەیەنێت لەجیهاندا. ئەو هێزانە بۆ ئەوەی دەستێوەردان بەربەست بکەن، لەنێو هاوپەیمانێتییەکیش دان، ئەڵمانیا و ڕوسیا و فەرەنسا سەرۆکایەتی بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە دەکەن. واتە هێزی دژبەرانی شەڕ دەیانەوێت بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن. لێرەدا دەتوانین بڵێین؛ ئەو هێزانە لەدژی شەڕ نین، ئەگەر لەدژی شەڕیش بن، لەگەڵ ئاشتیدا نین. بەڵام لەبەر ئەوەی داخوازی مرۆڤایەتی ئاشتییە؛ ئەو هێزانە ئەو داخوازیانەی مرۆڤایەتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنن.

◄———

واتە هێزی دژبەرانی شەڕ دەیانەوێت بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن. لێرەدا دەتوانین بڵێین؛ ئەو هێزانە لەدژی شەڕ نین، ئەگەر لەدژی شەڕیش بن، لەگەڵ ئاشتیدا نین. بەڵام لەبەر ئەوەی داخوازی مرۆڤایەتی ئاشتییە؛ ئەو هێزانە ئەو داخوازیانەی مرۆڤایەتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنن

ئەگەر لەو چوارچێوەیەدا بزووتنەوەی ئاشتی جیهانی بگرینە دەست، ئەوا دەتوانین بڵێین، هەم هێزە پاشەڕۆکان و هەم ئەو هێزانەی دەیانەوێت لەدابەش کردنی جیهاندا خاوەن بەش بن، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشدا، وەکو تاکتیکێك ئەو داخوازییەی مرۆڤایەتی بەکار دەهێنن. واتە بۆ ئەوە نییە کە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بپارێزن. بەڵکو بۆ ئەوە دەڵێن ئاشتی، تاوەکو بەرژەوەندییەکانیان لەدژی مرۆڤایەتی بپارێزن، ئەو دروشمە بەرز دەکەنەوە.

لەلایەکی تر داخوازی مرۆڤایەتی بۆ ئاشتی هەیە. چ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ لەجیهاندا ئەو داخوازییە بەهێزە. بەڕاستیش مرۆڤایەتی دەخوازێت ئاشتی و دیموکراسی سەقامگیر بێت. بەڵام بزووتنەوەی ئاشتی جیهانی بەرنامەی بۆ دەسەڵات نییە. هەمووشمان دەزانین کە ئاشتی بێ دیموکراسی نابێت، تاوەکو هێزە دیموکراسییەکانیش لەجیهاندا نەبنە خاوەنی دەسەڵات، ئاشتیش سەقامگیر نابێت. بزووتنەوەی ئاشتی جیهانی تا رادەیەك لەو راستییە دوورە، ئاشتی و دیموکراسیان نەگەیاندۆتە یەکتری، بۆیە بزووتنەوەی ئاشتی ناتوانێت بەرەو پێشەوە بچێت. بەهەرحاڵ دژایەتی کردنی شەڕی ئێراق، هەندێك ئەنجام بەدەستەوە دەدات. لەسەر ئەمریکا و ئینگلستان کاریگەری دیار دەبێت. ئەو کاریگەرییەش تا رادەیەك دەکەوێتە خزمەتی ئاشتی و دیموکراسی و ماف مرۆڤ. ئەو دژایەتییە ئەمریکا و ئینگلستان ناچار دەکات کە لەئێراقدا تا رادەیەك دیموکراسی و ئازادی و ماف مرۆڤ پێش بخەن. بەم شێوەیە رێگا بۆ وڵاتانی تریش دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ئازادی و دیموکراسی و ماف مرۆڤ تێیدا پێشبکەوێت. بۆیە دەتوانین بڵێین، دژایەتی کردنی شەڕ ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر ئەو دژایەتییە نەبێت، ئەوا دەبێتە مەترسییەك و لەوانەیە ئەمریکا و ئینگلستان لەسەر ئەو بەها مرۆڤایەتییانە رانەوەستن. لەکام لاوە سەیر دەکرێت یا سەیر بکرێت، یەك رێگای چارەسەری هەیە، ئەویش پێشخستنی دیموکراسییە لەئێراق و وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. واتە بزاڤی ئاشتی لەئەنجامدا دەکەوێتە خزمەتی دیموکراتیزە بوون.

**چارەسەری: ئایا لەم قۆناغەدا مەترسی گەورە بۆ کوردان چییە، ئەگەری دووبارەبوونەوەی لۆزان و جەزائیرێکی دیکە تاچ رادەیەک هەیە. هەروەها ئێوە ئەو زەمینەیەی کە هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کوردان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**عوسمان ئۆجەلان:** لەم رەوشە نوێیەدا بۆ گەلی کورد هەم مەترسی مەزن و هەم دەرفەتی ئازادی هاوتەریبی یەکتر دەرکەوتوونەتە پێش. ئەگەر بزاڤی نەتەوەیی کورد، لەسیاسەتی خۆیدا بەهێز بێت، ئەوا لەرەوشی نوێدا کێشەی کورد دەگاتە چارەسەرییەك، بەڵام ئەگەر بێتو کورد وەکو رابردوو لەسیاسەتی خۆیدا هەڵە بکات، ئەوا ئەم جارەش، مەترسی شکست دەبێتە راستییەك. رژێمەکانی ناوچەکە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا نین. هەموویان، تێکچوونی رژێمی ئێراق لەدژی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبینن. رژێمە دەسەڵاتدارەکانی سەر کوردستان، پێشکەوتنی دیموکراسی و ئازادی کوردان پەسند ناکەن. ئەگەر لەئێراقدا رژێمێکی دیموکراسی جێگیر بێت و فیدراسیۆنێکی دیموکراتی بێتە کایەوە و کێشەی کورد چارەسەر بێت، ئەوا لەهەموو وڵاتێکدا رێگا لەبەردەم دیموکراسی دەکرێتەوە و گەلی کورد لەبەشەکانی تری کوردستان هەنگاو بۆ ئازادی هەڵدێنێ. ئەوان لەو هەنگاوە دەترسن، بۆیە هەموو هێزەکان لەدژی گۆڕانکارییەکن کە لەو چوارچێوەیەدا بێتە ئاراوە. لەرەوشێکی وەهادا مەترسی و دەرفەتی چارەسەری بەیەکەوەن. گەلێك هێزی هەرێمەکە لەدژی ئەو پێشکەوتنە راوەستاون و هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کێشەی کورد چارەسەر نەبێت. لەنێوانیشیاندا تورکیا، ئێران، سوریا، لەو چوارچێوەیەدا لەنێو هاوپەیمانێتییەك دان و لەم پێناوەدا کار دەکەن، دەیانەوێت چارەسەری لەباشووری کوردستاندا بخنکێنن. رێگە نەدەن چارەسەری لەباشووری کوردستان، بۆ چارەسەری بەشەکانی تر ببێتە بنەمایەك. وا دەردەکەوێ کە مەترسی دووبارەبوونەوەی رەوشی لۆزان و جەزائیر لەئارادایە. لەلایەکی تریشدا گەلەکەمان لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا خاوەنی رێکخستن و تێکۆشانە، سەرەڕای هەندێك کەموکورتیش دەتوانێ لەرەوشی نوێی جیهاندا، تێکۆشانی خۆی بگەیەنێتە سەرکەوتن، بۆیە پێویستە درەنگ نەکەوێت، چارەسەری لەباشووری کوردستاندا، بکرێتە بنەمای چارەسەری لەهەموو بەشەکانی تری کوردستان. ئەگەر وا بێت، ئەوا لەماوەی ١ تا ٢ ساڵ لەبەشەکانی تری کوردستانیش هەنگاوی چارەسەری دەهاوێژرێت. لەهەمووش گرنگتر ئەوەیە چارەسەری کێشەی کورد بەگۆڕانکاری ئەو رژێمانەوە دەبێت، پێویستە بەم شێوەیە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و لەشوێنی ئەو رژێمانە سیستەمی دیموکراتی بونیاد بنرێن. تاوەکو لەوڵاتە دەسەڵاتدارەکانی سەر کوردستان دیموکراسی پێش نەکەوێت، ئەوا ئەگەر چارەسەری بێتە ئاراوەش، تەمەنی درێژ نابێت و ناژیت. واتە هەم چارەسەری و هەم لەبارچوونی چارەسەریش بەدەست کوردانە. بەتایبەتی لەدەست بزووتنەوەی کورد، لەباشووری کوردستاندا، ئەگەر وەکو ١٩٩١ بەشەکانی تر بخەنە لایەك و بیانەوێ چارەسەری بەتەنها لەباشووری کوردستاندا وەدیبهێنن، ئەوا ئەو کاتە مەترسی تێکشکان خۆی دەخاتە رۆژەڤ. بۆیە خەباتێکی بەرفراوان پێویستە بۆ بزاڤی کوردی لەباشووردا، بۆ ئەوەی هەڵە خۆی دووبارە نەکاتەوە، لەجێگای ئەو لەئێراقدا فەمبوونێکی دیموکراسی پێش بخەن و فیدراسیۆنێکی دیموکراتیك دابمەزرێنن. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەو چارەسەرییە بکاتە بنەمایەك بۆ چارەسەری لەبەشەکانی تری کوردستاندا. بەم شێوەیە رێگا لەمەترسییەکان دەگیردرێت و لۆزان و جەزائیریش بەلاوە دەنرێت. لەباشووری کوردستاندا گەلێك جار دەرفەتی چارەسەری رەخساوە و بەهەمان شێوەش بێ ئەنجام ماونەتەوە. ئەگەر بێت و هۆکارێکی ئەم کارە هێزە هەرێمی و جیهانییەکان بووبن، بەڵام هۆکاری سەرەکی دووبارە بوونەوەی هەڵەی گەورەی بزووتنەوەی کوردی بووە. پێش هەموو شتێك YNK و PDK ستراتیژییەکیان نەبوو، کە چارەسەری هەموو کێشەی کورد بگرێتە خۆ. ئەو دوو هێزە بەشی باشووریشیان، لەبەشەکانی تر دابڕیوە و تەنها حیسابیان لەسەر چارەسەری لەباشووری کوردستاندا کردووە. بەڵام راستییەکی روون و ئاشکرا هەیە، کە بەبێ بەشەکانی تر ناتوانرێت چارەسەری لەو بەشەی کوردستانیشدا پێش بخرێت. لەساڵانی ١٩٦٠ ـ ١٩٧٠ ـ ١٩٩١ دەرفەتی چارەسەری رەخسا، ئەگەر بێ ئەنجام بوو و کێشەی کورد چارەسەر نەبوو، ئەوا هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی هەردوو هێز کە چارەسەری تەنها لەباشووردا دەبینن و باشووری کوردستان لەبەشەکانی تر جیا دەکەنەوە. بەم شێوەیە هەڵوێستەیان کردووە، بەڵام هێزە دەسەڵاتدارەکانی سەر کوردستان بەو چاوە سەیری کێشەی کورد ناکەن. تورکیا ئەمڕۆ ئەمە بەئاشکرا دەخاتە روو. بۆیە پێویستە ستراتیژییەك بەبنەما بگیردرێت کە چارەسەری لەهەموو بەشەکان بکاتە ئامانج و لەو چوارچێوەیەشدا سیاسەت بەڕێوە ببرێت.

بۆ لا ١٥

# مێژوو لەڕۆژی ئەمڕۆماندا شاراوەیە و ئێمەش لەسەرەتای مێژوودا شاراوەین

بەشی شانزە

پەرتوکی " مێژوو لەڕۆژی ئەمڕۆماندا شاراوەیە و ئێمەش لەسەرەتای مێژوودا شاراوەیە" یەکێکە لەشاکارەکانی سەرۆك ئاپۆ. دەزگای چاپەمەنی "سەرخۆبوون" لەساڵی ١٩٩٧ بەزمانی تورکی بڵاوی کردۆتەوە. ئێمەش هەوڵدەدەین هەر جارەی بەشێکی بۆ خوێنەرانی بەڕێز بڵاو بکەینەوە.

چارەسەری

مرۆڤێکی بێ کۆتایی لەمندا گەیشتۆتە چارەسەری. وەها بێ فەلسەفە نابم. ئەگەر خۆم لەڕووی فەلسەفییەوە تێر و تەسەل نەکەم. ئەوا ناتوانم ببمە مرۆڤی جوڵانەوە. تاکو لەفەلسەفەدا گشتگیرییەك لەخۆوە دەگرێت. ڕووداو ئەوە نییە کە فەلسەفەیەکی نیوە چڵ دەبێت ئاوازێك فەلسەفەیەکی گشتگیرکەرانە دەمەوێت بڵێم ئەوەش هەیە.

ئەمەش جوانە، تەواوی ئەمانە چالاکی ئێمە دیاری دەکات، من تێر دەکات یاخود من لەسەر پێ رادەگرێ. ئەگەر مۆراڵ نەبێت میلیتان ناتوانێت خۆی لەسەر پێ رابگرێ. مۆراڵیش کێشەیەکی فەلسەفییە. بەڕێوەبردنی PKK ، خۆی لەخۆیدا کارێکی مۆراڵە. مۆراڵ، بەشێکی هەرە گرنگی فەلسەفەیە. هەر بۆیە لەمەدا مسۆگەر کردنێك پێویستە و دەستلێبەرنەدراوە. لەبەر ئەمەشە کە بەرادەیەکی مەزن مناڵان لەمن تێدەگەن. ئەوانەی کە هیچ خوێندەوارییەکیان نییە و تەنانەت ئەو فەیلەسوفانەی کە هەرە زێدە هەڵوەستە لەسەر مرۆڤایەتی دەکەن، من "هاورێی" هەرە باشی ئەوانەم. هەتا ئێمە زۆر بەباشی دەرك بەتایبەتمەندییەکی بەمجۆرە دەکەین: هەموو کەسێك ئەو مرۆڤەی لەناخیدا شاراوەیە لەمندا دەبینێ، ئەوان دەڵێن "تۆ نوێنەرایەتی پارچەیەکی من دەکەی". بەڵام ئەو شاراوەیە. کەسێتیەکی ئەو لەڕووکاردا بەشێوەیەك دەژی، کەچی بەشێوەیەکی دیکە جستەکەی پێشێل دەکات. ئەو کاتەیەی لەگۆشەیەك لەگۆشکانی دڵیدا دەژی و ئەو مرۆڤە کە ئەیدەتوانی بژی، ئەو من. ئەم مرۆڤە تابڵێی نزیکە، بەڵام تەنهانە، لەبەشێکی زۆر بچووکی دڵدا شاردراوەتەوە، دەتوانن وەها بیر بکەنەوە کەمن نێوینەرایەتی سەرتاپایان دەکەم، ئەمەش شتێکی زۆر سەرنج راکێشە. بەڵام من ئەمە بۆ خۆم بەبن چینە وەردەگرم.

> **هەموو کەسێك ئەو مرۆڤەی لەناخیدا شاراوەیە لەمندا دەبینێ**

کاتێ هەر کەسێك بەگوێرەی خۆی مۆدێلێکی ژیان هەڵدەبژێرێ، منیش ئەو ژیانەم بەئەندازەیەك پێکهێناوە، ئەمەیە رەوشی ژیانم. هاوکات ئەمە ژیانێکی پیرۆزە. پێم وایە مرۆڤی سروشتی مرۆڤی هەرە گەورەیە.

کۆچبەری دیسانەوە کۆچبەری ...

بەڵێ، ئەوە راستییەکە کە "دیاسپۆرا" ڕووبەڕووی پەرتەوازەییەکی مەزن بۆتەوە. گەلی کوردیش لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا گەلێکە هەرە زێدە ڕووبەڕووی پەرتەوازەیی بۆتەوە. وێڕای هەموو زۆری و زەحمەتییەك جوڵانەوەکەمان، لەدوای ماوەیەکی کورتدا، وەرچەرخاندنی کۆچبەری بۆ جوڵانەوەیەکی گەورەی گەڕانەوە، هۆکارەکەی بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە.

هەستمان بەوە دەکرد کە؛ فاشیزمی ١٢ ی ئەیلول، کۆکوژییەکی ئەرمەنی دووەمین، دەربەدەرکردنی گەلی کوردی لەکوردستاندا کردبووە پیلانی خۆی. گەلێك سوودمەند دەبێت هەریەك لەئێمە و گەلەکەشمان دەرك بەو راستییە بکەین. ١٢ ی ئەیلول کودەتایەکی فاشیستیانە بوو، کە دەیخواست کوردستان لەگەلی کورد وەدەرنێ. لەساڵوەگەڕی ١٧ هەمینیشدا دەخوازێت بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە ئەم پیلانەی خۆی درێژە پێبدات. لەدژی ئەمەش، جوڵانەوەیەکی کۆچبەری رێکخست کە زێدە لەوڵات دوور نەبوو. هەر لەسەرەتاوە، تەنانەت پێش ئەوەی لەوڵات دەربکەوم، گەڕانەوەیەکی شکۆمەندم بۆ وڵات، نەتەنیا لەڕووی فیزیکی، بەڵکو لەهزر و هەستیشدا بەدیهێنا. بەڵێ، لێرەدام؛ لەو باوەڕەدام ئەگەر لەکوردستان بوومایە، پێشکەوتنی بەم ئەندازەیە، ئەم جوڵانەوە مەزنەی گەڕانەوە بەدینەدەهات.

لەهزردا گەڕانەوەی مەزن، لەرامانداگەڕانەوەی مەزن، لەسۆزی نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنی وشیاری وڵاتپارێزی گەڕانەوەیەکی مەزن ... و بەتایبەتی گرێدانی ئەوە بەشەر، "بەشەر گەڕانەوە"، بۆ من گرنگییەکی نائاسایی و سەرنج راکێش

# هەبوونی من، هەموو بوونی بانگەوازییە بۆ وڵات، هاواری نەتەوەیەکی مەزنە

بوو. من بەئەندازەی ئەوەی هیچ کەسێك نەیبیستبێ، بیری لێ نەکردبێتەوە و لەم پێناوەدا تێنەکۆشابێت، هەموو شتێکی خۆم بۆ ئەم تێکۆشانە تەرخان کرد.

لەم ساڵانەدا هەموو شتێك بۆ راکردن بوو. ئەم ساڵانە، لەکۆچبەری ئەرمەنی زۆر زەحمەتتر ساڵانێکی کۆچبەری و چۆڵکردن بوو. تیرۆری سپی کە لەدوای کۆکوژی دێرسیم هاتە ئاراوە، ساڵانی کۆچبەری، نیشتەجێکردنی ناچاری کە ١٠٠ قات لەسەرووی یاساکانی نیشتەجێ بوون و کۆچپێکردن بوو. گەلێك گەل، رۆمەکان و ... هتد کۆچیان پێکراوە، بەڵام ئەمە جوڵانەوەیەکی کۆچپێکردنی گەلێك لەوانە مەترسیدارتر بوو. بەهێزێکی سوپایی گەورە و زۆر گەورە، لەمێشك و رۆحدا پێشخستنی بەنامۆبوونی خستبووە پیلانی خۆی. لەرێگای بەکارهێنانی رادیۆ و کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن، بەشێوەیەك کە باوەڕ ناکرێت کۆچ پێکردنێکی فیزیکی، رۆحی، هزری، سیاسی، کولتووری و ئابووری سەپاند. پێویستە باش دەرك بەمە بکرێت و لەو باوەڕەدام، نووسەرەکان، ئێستا تا رادەیەك ئەم بابەتانە بەشێوەیەکی تەندروستتر دەنووسن. بەتایبەت لەو چالاکیەی ئێمە تێدەگەین کە چۆن بەرخۆدانێکی گەورەیە لەدژی ئەم کۆچ پێکردن و بێ رەگ و ریش کردنە...

بەرتەوازەیی فیزیکی زێدە گرنگ نابینم، بگرە رەنگە لەهەندێ رووەوە سوودیشی هەبێت. بەڵام بەتێڕوانینی من ئەو وشکبوونەی رۆحەکان، ئێوە بەرەوشێکی وەها بەئێش دەگەیەنێ، هەروەها ئەو بڵاوبوونە، بێ سیستەمییەی لەهزردا هەیە، لەکۆچبەری فیزیکی زۆر مەترسیدارترە. بۆ من، تا ئەو رادەیە بێ خەمی دەرهەق بەوڵاتی خۆت، تا ئەو رادەیە بڵاوبوون و بێ سیستەمی لەبەرامبەر راستی مرۆڤبوونی خۆت، سەرچاوەی کینێکی مەزنە. من لەم خاڵەدا سەیری جیهانی ئاژەڵان دەکەم؛ تەنانەت ئەوانیش بەئاسانی دەست لەهێلانەی خۆیان بەرنادەن.

ئەگورگ، ئەچەقەڵ، ئەمار، ئەجەنجاڵۆکەکان؛ بەزەحمەتی هێلانەکەیان بەجێدەهێڵن، مەگەر ئەوان بکوژی، دەتوانی ئەوان لەهێلانەکەیان جیا بکەیتەوە. بەڵام ئێمەش ساڵانێکە لەسەر ئەم خاکانەدا دەژیان، خاکی باب و باپیران، وەکو گۆشت و نینۆك ئەو خاکانەن کە ئاوێتەی ببوون... ئەوە چۆن بوو بەدڵخۆشییەوە پێشوازی ئەم ئافاتە مەزنەیان کرد؟ هەڵبەتە ئەمە فێڵێکی شەڕی تایبەتە. پیلانی پێشخستنی کۆچبەری، پیلانێکی زۆر بەوەستایانە بوو.

من ئەو راستییە دەبینم. بۆ نموونە کۆچبەری دێرسیم و گرێدانی ئەمە بەکۆکوژی دێرسیم، هەروەها کۆچی بازارجق - مەراش و پەیوەندی ئەمە بەکۆکوژی مەراش و هەرە گرنگیان "تیرۆری سپی"، کەوتنە کاری دەزگاکانی شەڕی تایبەت، لەلای من روون و ئاشکرا بوونە. من ئەوەش باش دەزانم کە ئەم سیاسەتە بە چ سیستەمێك، زۆر بەوەستایانە و بەهەزاران فڕ و فێڵ و سەرکوتکردن لەسەر هەر شار و ناوچەیەکی کوردستان پێکدەهێنێ. لێرەدا مەبەستم تۆمەتباکردنی گەل نییە، بەڵام وێڕای ئەمەش چۆن کەوتنە نێو ئەم گەمەیە، خۆی لەخۆیدا چۆن کەوتنە بەر ئەم شەڕی تایبەتە، هەتا چۆن گەیشتنە ئاستی ئەوەی لەخودی خۆیان دووربکەون؟

سەرنج بدەن، ئەو گەلەی کە لەسەر ئەو خاکەی لێی لەدایك دەبێ، وەها زوو بەئاسانی لێی راناکەن بەڵام ئێمە مانان کەوتنە نێو قۆناخێکی هەڵاتن لەرووی رۆحی و هزریدا. لەخودی خۆی رادەکات و هەموو شتێك لەبەر چاوی وەکو ماری لێدێت، رادەکات و هەموو شتێك وەکو دڕکی لێدێت و دیسانەوە رادەکات ...

راستتر ئەوەیە کە شەڕی سایکۆلۆژی ئەم رەوشەی خوڵقاندووە. دەچێتە شارە گەورەکان، شارە گەورەکان تێری ناکرد، دەچێتە ئەوروپا، ئەوروپا تێری ناکرد، دەچێتە مۆسکۆ، مۆسکۆ تێری ناکرد، دەچێتە ئەمریکا، لەندەن، وابزانم ئەگەر بگوترێ جەمسەری باکوور، لەوێشدا لەریزی یەکەمدا جێگە دەگرێت. ئێمە بەرەوشی گەلێکی بەو

> **پێشخستنی کۆچبەری کوردان پیلانێکی زۆر بەوەستایانە بوو**

ئەندازەیە هەڵاتوو گەیشتووین. پێویستە زۆر لەسەر ئەمە هەڵوەستە بکرێت. هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەکانی سەبارەت بەم قۆناخی کۆچپێکردنە زۆر ئەزۆکن، زێدە لایەنی زانستی نییە و ئەدەبیاتیش کاری خۆی لەم لایەنەوە ئەنجامنەداوە. هەروەها لەم بابەتەدا هونەر کەمتەرخەمە.

من تەنیا خۆم بەزانیاری ئەم بابەتانە سنووردار ناکەم. وەکو لەسەرەوەش ئاماژەم پێکرد، گەلێك شەڕ هەن کە من بەتەنیا بەڕێوەم بردوون. لەم شەڕانەدا گرنگترینیان "گەڕانەوەی رۆحی"، شەڕی "حەزکردن لەوڵات"، شەڕی سەلماندنی ئەوەی کە مرۆڤی ئێمە بەنرخن. هاوشێوەی ئەمانە هەوڵدانی نائاسایی هەیە و ئەمانەش لەشەڕی هەرە مەزن، گرنگترن.

# رۆڵی ژنان لەبونیادنانەوەی ئێراقدا

ئاسۆ پشدەری



بەم دەستێوەردانە لەسەر ئێراق ئەنجامدرا، کۆتایی بەهەبوونی رژێمێك و سیستەمێك هات، کە رەگ و ریشە و بنەماکانی دەگەڕێتەوە بۆ ٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر، واتە زهنییەت و لۆژیك و تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی ئەو رژێمە لەگەڵ دروستبوونی یەکەمین شارستانییەت کە بەشارستانییەتی چینایەتی دەناسرێت و لەدەوڵەتی راهیبی سۆمەر خۆی دەنوێنێ، شێوە دەگرێت. ئەگەرچی ئەو دەوڵەتە لەشێوەدا هەندێك جیاوازی هەبووبێت و پێشکەوتووتر بووبێت، بەڵام لەناوەڕۆك و بنەما و رەهەندەکانی خۆیدا، هەمان شت بوو. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین چۆنیەتی ئەو رژێم و دەوڵەتە نییە، بەبەراورد کردن لەگەڵ یەکەمین دەوڵەت و رژێمی بەڕێوەبەرایەتی. بەڵکو ئەوەی دەمانەوێت تاوتوێی بکەین و هەڵوەستەی لەسەر بکەین، چۆنیەتی هەڵوەستە و رەوشی رەگەزی ژنە لەرابردوو و ئەمڕۆدا.

بێگومان لەقۆناخی بەمرۆڤبوون، داهێنانی بەرهەم، کە بەسەردەمی "نیۆلیتیك" واتە شۆڕشی چاندنی دەناسرێت، ژن رۆڵێکی پێشەنگ و یەکلاکەرەوەی بینی بەڕادەیەك مۆری خۆی لەو سەردەمە دا کە بووبە خوداوەند و خوڵقێنەر و دانەری بەها و پێوانە رەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی و یەکسانی. بەڵام بەئاوابوونی یەکەمین شارستانییەتی چینایەتی، واتە دەوڵەتی راهیبی سۆمەر، لەلایەن راهیب، پاشا خوداوەندەکانەوە، هەموو بەها و بەهرەکانی ژن بەلاوە نرا و نکۆڵی لێکرا، لەشوێنی ئەو، دەوڵەت و رژێم و کۆمەڵگا بەدەستی پیاو لەسەر بنەمای جیاوازی چینایەتی شێوەی پێدرا و لەسەر ئەو بنەمایەش، شەڕ و ناکۆکی و چەوساندنەوە بووە دیاردەی هەرە باوی ئەو سیستەمە. بەمەش ژن بەهۆی کارەکتەری خۆی کەوتە رەوشێکی زۆر ناکۆك لەگەڵ ئەو دەوڵەتە و لەنێو سیستەم و رژێمی چینایەتیدا، هیچ حیسابێکی بۆ نەکرا، جێگەی پێنەدرا، خرایە ژێر فشار و چەوساندنەوەیەکی رەگەزی بێ سنوور و دڕندانە و نزیکەی ٥ هەزار ساڵە لەسایەی ئەو سیستەمە بەشێوەیەك دەژی کە کەڕ و لاڵ و بێ ئیرادە و بێ رۆڵە.

بەحوکمی گەلێك تایبەتمەندی، مێژوویی و جوگرافی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئێراق، ناوەندی ئەو سیستەمە بوو، لەلووتکەدا نوێنەرایەتی دەکرد. بۆیە ئەمڕۆ بەڕووخانی رژێمی ئێراق، کۆتایی بەسیستەم و قۆناخێك دێت کە ژن تێیدا هەموو شتێکی خۆی لەدەستدابوو. بەڵام تەنها رووخان و کۆتایی هاتنی ئەو سیستەم و قۆناخە، ئایەتە ئەو واتایەی کە ئیدی ئاشتی و دیموکراسی بەرقەرار بوو، رەگەزی ژنیش گەیشتە ماف و ئازادییەکانی خۆی. چونکە هێشتا گەلێك بەربەست هەن، کە رێگرن لەفەراهەم بوونی ماف و ئازادی ژنان و راستینەی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە کە لەکەسایەتی سیستەمی باوکسالاری و رژێمێکی دیکتاتۆری شێوەی گرتبوو. هەم کۆمەڵگا، هەم تاك بەزهنییەت و کولتوورێك گۆشکراوە کە دوورە لەدیموکراسی و ئەگەر تینوی ئاشتی و دیموکراسیش بێت، بەڵام لەکارەکتەر و تایبەتمەندییەکانی خۆیدا ناکۆکە لەگەڵیدا، بۆیە پێویستی کۆمەڵگا بەوە هەیە دیموکراتیزە بکرێت و دیموکراتیزە بوونیش تەنها لەرێگای ئەنجامدانی شۆڕشێکی رۆشنگەری دەبێت. ئەگەرچی ئەمڕۆ لێرە و لەوێ باس لەوە دەکرێت کە رۆژئاوا دیموکراسیمان بۆ دەهێنێت، بەڵام ئەمە بۆچوون و تێگەیشتنێکی هەڵەیە و دوورە لەڕاستی. چونکە دیموکراسی شتێك نییە کە لەدەرەوە بهێنرێت و لەواقیعێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا جێگیر بکرێت. نەخێر، بەڵکو دیموکراسی شێوە بەڕێوەبەرایەتی و شێوە ژیانێکە پەیوەستە بەئاستی هۆشیاری و کولتووری و زهنی ... هتد خودی تاکەکان و کۆمەڵگاش بەگشتی. بۆیە ئەو دیموکراسییەی کە باسی لێوە دەکرێت لەتوانایدا نییە کێشەی رەگەزی چارەسەر بکات و ژنان لەسایەیدا ببنە خاوەن ئیرادەیەکی ئازاد. هەموومان ئەمڕۆ دەبینین کە ژنان لەسایەی دیموکراسی بۆرژوازی، یاخود دیموکراسی راستڕەو، گەیشتۆتە چ رەوشێك؛ کراوە بەکاڵایەك و خزمەتی پیاو دەکات، لەرووکاردا ئازادە، خاوەن رۆڵە، بەڵام لەگەوهەردا کۆیلە و بێ ئیرادەیە.

بۆیە پێویستە ژنان چاو نەبڕنە ئاشتی و دیموکراسییەکی هاوردە، بۆ ئەوەی تێیدا ئازاد بن. بەڵکو پێویستە هەموو هێز و توانای خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی کۆمەڵگا دیموکراتیزە بکەن و خۆیان بگەیەننە ئاستێك کە پێشەنگایەتی بکەن و ببنە دینامیزمی بونیادنانەوەی کۆمەڵگا و بەهێزی گەوهەری خۆیان ئاشتی و دیموکراسیەتێکی هاوچەرخانە دابهێنن کە هەموو رەگەز و چین و توێژ و نەتەوە و ...هتد لەسایەیدا ئازاد و بەختەوەر بن. خاڵی هەرە گرنگیش ئەوەیە کە دەبێ رەگەزی ژن لەرەگەز و چین و توێژەکانی تر زیاتر، لەبەیەکەوە گرێدانی پەیوەندی نێوان گەلان و نەتەوە و کەمەنەتەوەیی و ... هتد رۆڵی خۆیان بگێڕن. چونکە ژنان وەکو رەگەز، هاوچارەنووسن و ئەخۆشییەکانیشیان یەکن، ئیدی عەرەب بن یان کورد یاخود نەتەوەیەکی تر، بۆیە بەیەکڕیزی خۆیان دەتوانن ببنە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان گەلانی ئێراق و دەمارگیری ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی بەلاوە بنێن.

ئەمڕۆ دەرفەت بۆتەکان و بۆ هەنگاوی بەمجۆرە گونجاوە و ژنان دەتوانن ئەو رۆڵە بگێڕن. لەم چوارچێوەیەدا PÇDK لەو بڕوایەدایە وایە ژنان هێزی گەوهەری و پێشەنگی بونیادنانەوەی ئێراقێکی دیموکراتی فیدراڵین و لەسەر ئەو بنەمایەش دەبێت لەبەڕێوەبەرایەتی ئایندەی ئێراقدا لەهەموو ئاستەکاندا بەرێژەی یەك لەسەر سێی ژنان خاوەن جێگە و پێگە بن.

# سیستەمی نوێ بەخۆڕێکخستنی لاوان مەیسەر دەبێت

هونەر

سیستەمی بەساڵاچووی ئێراق کۆتایی بەتەمەنی هێنرا و لەدایک بوون و ژیانێکی نوێ بۆ لاوانی ئێراق دەستپێکرد. جێگای باسە کە لاوانی ئێراق بەگشتی و لاوی کورد بەتایبەتی لەناو سیستەمی هەڵوەشاوەدا بێ جێگا کرابوو. هیوا و ئامانجەکانی کرابووە دارێکی وشکی بەساڵاچوو. نەیدەتوانی بەپێی تایبەتمەندی لاوێتی بژین. لەناو سیستەمی چوویدا پۆتۆپیاکانی لاوان لەبەرزترین ئاستدا خنکێنرابوون. بەهرە و هێزی خۆیی بەتەواوی بەم توێژە نامۆ کرابوون. بێ هێز، بێ باوەڕ، بێ وره، لەناو کۆمەڵگادا هێڵدرابوودوە. هەروەها ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١ هەلێکی زێڕینی بۆ لاوانی کورد ڕەخساند. بەڵام جێگای داخە لاوان نەیانتوانی خۆیان ڕێکبخەن و بگەنە ئامانجەکانیان. ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکارانیش بەهەمان شێوە بێ کاریگەر مانەوە، نەیانتوانی چوارچێوەی تەسکی پارتایەتی بشکێنن و بۆ ویست و ئارەزووەکانی لاوان تێبکۆشن. هەربۆیە ١٢ ساڵە ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکاران خۆیان بەکاری لاوەکییەوە خەریک کردووە، لەناو خوێندنگاکاندا بەرژەوەندی پارتایەتییان پێشخست و خوێندکارییان بۆ کردە قوربانی. لەشوێنی بەهێز کردن و یەکگرتنی خوێندکاران، دووبەرەکی و پەسندنەکردنی یەکتریان بەسەردا سەپاندن، ئەم ڕێکخراوانە بۆ ئەوەی خۆیان بەپارتەکانیان بەپەسند کردن بدەن کێشەکانی لاوانیان نەک بەتەنها لەبیر دەکرد، بەڵکو بازرگانیشیان پێوە دەکرد. ئەم کێشانە توێژی لاوانی لەناو بێ چارەسەری و بێ ڕێکخستنی دەهێشتەوە و، کۆچکردنی لاوانی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەمەش بۆ جاری یەکەمە لەمێژووی گەلانی بندەستدا لەدوای ئازادی؛ ڕاکردن لەوڵات پێشبکەوێت، کە کاریگەری خۆی لەسیاسەت و بێچارەیی هێزە پاشڤەڕۆکانی کوردستانەوە دەگرێت.

ئەمڕۆش هەلێکی زێڕین بۆ لاوانی کورد و هەموو لاوانی ئێراق ڕەخسێنراوە، تاکو بتوانن هیواکانیان بەرجەستە بکەن. بۆ ئەمەش پێویستە سەر لەنوێ بگەڕێنەوە بۆ ڕاستی کەسایەتیان و بەرۆح و گەرمایی لاوان لەبونیاد نانەوەی سیستەمی نوێی ئێراقدا ڕۆڵی بەکاریگەر بگێڕن. لەشوێنی بێ هێزی، بێ باوەڕی، بێ ورەیی هێز و باوەڕی و ورە بەئافرێنن. ئیدی کاتی ئەو هاتووە ڕێگا لەبەردەم دووبارە بوونەوەی بێ چارەسەری بگرن، کە هەموو کاتێك لاوانی کردووەتە ئامانج و لاواز و بێ دەسەڵاتی کردوون. هەروەها لاوان لەقۆناخی بونیادنانەوەی ئێراقدا بۆ ئەوەی ببنە هێزی ئاواکردن و بەتایبەتمەندی لاوێتیان سیستەمی نوێی ئێراق دروست بکەن، پێویستە ڕێگا نەدەن هێزە پاشڤەڕۆکانی کۆمەڵگا لەژێر ناوی بەها پیرۆزەکانی دیموکراتی ڕووکەشدا درێژە بەدەسەڵات و هێشتنەوەی کێشەکان لەناو بێ چارەسەرییدا بدەن. هەر بۆیە ئەرکی لاوان لەقۆناخی نوێدا خاوەن گرنگییەکی بەرچاوە و چارەنووسی هەموو گەلانی ئێراق بەپەیوەندیدار دەکات. ئەمەش پێویستی بەخۆڕێکخستنی لاوان هەیە لەچوارچێوەیەکی زانستییدا، کە پێوانی دیموکراسی بکاتە بناخەی سیستەمی نوێی ئێراق، کولتووری ئازادی بکاتە ڕێبازی ژیان و لەناو کۆمەڵگادا یەکێتی ئازادانەی گەلان بەبنەما بگرێت. هەروەها ڕێگە نەدات کۆچبەری لاوان دووبارە ببێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ببنە هێزی گەڕانەوەی لاوان بۆ خاکی نیشتیمان. بوون بەهێز و خۆ ڕێکخستنی لاوان لەسەر بنەمای دیموکراسییانە کۆتایی بەکێشە هەڵواسراوەکانی لاوان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دێنێت.

بێگومان قۆناخی بونیادنانەوەی ئێراق و دروستکردنی سیستەمی نوێ تەنها بەخۆ ڕێکخستنی لاوان مەیسەر دەبێت، کە ڕێبازی شارستانی دیموکراتی بکاتە بناخەی بونیادنانەوەی ئێراق. واتە لەڕۆژی ئەمڕۆدا هەل و دەرفەت ڕەخساوە کەشارستانییەتی دیموکراتی کردارییانە پێك بهێنرێت. جێگای گومان نییە کە تەنها ڕێبازێکی نوێخوازانە لەتوانایدا هەیە کێشەکانی گەلانی ئێراق چارەسەر بکات، کە مافەکانی گەلان بەهەموو ئایین و مەزهەبەکانەوە تێیدا پارێزراو بێت. ئەمەش بەشێوەیەکی بەرفراوان لەمانیفێستۆی شارستانییەتی دیموکراتیدا باسی لێوە دەکرێت. PÇDK ش ئەمڕۆ لەباشووری کوردستان و تەواوی ئێراقدا نوێنەرایەتی هەمان ڕێباز دەکات. بۆ بونیادنانەوەی ئێراق PÇDK ئاوڕادە پێشی لاوان دەکاتەوە. ئەمەش پێویستی بەهەنگاو نانی لاوان هەیە، کە چاوەڕێی دروستبوونی سیستەمی نوێ نەکەن، بەڵکو بۆ خۆیان لەدەوری یەکتر کۆببنەوە. ئامانج و هیوا پێکنەهاتووەکانیان بکەنە هێزی یەکگرتنیان و بەڕۆحی لاوێتیان هەنگاوی بەرێکخستن بوون بنێن. نوێ بوونەوە و گەڕانەوە بۆ تایبەتمەندی لاوێتی لەناو کۆمەڵگادا ئەرکی لاوانە. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە لاوان بۆ بەرژەوەندی پارتایەتی بەکار نەهێنرێن. PÇDK ش ئەو پارتییەیە کە لاوان بەبنەما دەگرێت و بەپێشەنگی ئەم قۆناخەیان دەبینێت، بۆ ئەمەش بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێ. چونکە PÇDK بۆ خۆی پارتی لاوانە، لەهەموو لایەن و بوارێکدا نوێخوازە. بەهەزر و بیر و ڕۆحی لاوێتی دەرکەوتووە و هەنگاو دەنێت. هەربۆیە سەر لەنوێ خۆ ڕێکخستنەوەی لاوان پێویستییەکی ژیانییە لەم قۆناخەدا. بەپشت بەستنیان بەهێزی خۆیی و تایبەتمەندی لاوێتیان دەتوانن پێشەنگایەتی بۆ ڕێبازی شارستانی دیموکراتی بکەن. بەمەبەستی پێشخستنی لاوان PÇDK ە دەرفەت دەداتە لاوان تاکو بتوانن بەشێوەیەکی زانستی خۆیان ڕێکبخەن و یەکێتی ڕیزەکانیان پتە و پارێزراو بکەن. بۆئەمەش PÇDK بەپرۆژە و بەرنامەی نوێخوازییەوە کەڕێبازی شارستانی دیموکراتی بەبنەما دەگرێت خاوەن بانگەشەیە. بەهەمان حەز و ئارەزووی لاوێتی بۆ بونیادنانەوەی ئێراقێکی دیموکرات و کوردستانێکی ئازاد هەنگاوی مێژوویی دەنێت، کە کۆتایی بەهەموو هێزە پاشڤەڕۆکان دێنێ و سیستەمێکی دیموکراتی هاوچەرخانەش دەکاتە ماڵی هەموو گەلانی ئێراق.

# دەبێ ١ی ئایار بكرێتە ڕۆژی تێكۆشانی دیموكراسی

فەرهاد عەلی

١ی ئایار كە هەموو ساڵێك لەلایەن كرێكاران و زەحمەتكێشانی جیهان یاد دەكرێتەوە، ئەوە بەبیر مرۆڤ دەهێنێتەوە كەلەپێشكەوتنی مرۆڤایەتی لەهەموو لایەنێكی سیاسی، كۆمەڵایەتی... هتد زەحمەتكێشان ڕۆڵی سەرەكییان تێدا هەبووە و لەگەیشتنی مرۆڤایەتی بەپێگەی ئەمڕۆ بەخەبات و تێكۆشان و چالاكی ئەم چینەوە مەیسەر بووە. بۆیە لەیاد كردنەوەی ١ی ئایاردا پێویستە وێڕای ئەزموون وەرگرتن لەجوڵانەوەی زەحمەتكێشان كە هەمیشە لەپێناو گەیشتن بەمافەكانی هەموو جۆرە زۆر و زەحمەتییەك و فیداكارییەكی نواندووە، ئەوا دەبێت لەرۆژگاری ئەمڕۆكەشماندا ڕۆڵ و ئەركی سەرجەم كرێكاران و زەحمەتكێشان دەستنیشان بكرێت.

شارستانییەتی چینایەتی كە تەمەنەكەی مێژوویەكی دوور و درێژی هەیە، بەرژەوەندی چینێكی لەسەرووی چینێكی تر گرتووە و هەموو جۆرە چەوسانەوەیەكی بەكار هێناوە، مۆركی چینی سەردەوی بەخۆوە گرتووە. بەڵام تەواوی ئەو پێشكەوتنانەی كە كاروانی مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە لەسەرووی هەمووشیانەوە ئاستی دیموكراسی ئەمڕۆ، دەبێ بەبەرهەمی چینی كرێكار و زەحمەتكێشان ببینرێت و لەئەنجامی خەبات و تێكۆشانی ڕەنجدەران و چەوساوەكانەوە شارستانییەتەكان ئاوا بوون و ئەم چینە ڕۆڵی پێشەنگایەتی مەزنی گێڕاوە لەگۆڕان و وەرچەرخانی كۆمەڵگادا.

ئەگەرچی تا ئێستا چینی كرێكار و زەحمەتكێشان تاكە چینێك بووە كە لەبەرامبەر سیستەمی سەرمایەداری ـ ئیمپریالیزمی تێكۆشانی بەرێوە بردووە و ئەم تێكۆشانەش گەلێك دەستكەوت و قازانجی بۆ مرۆڤایەتی لێكەوتبێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی خەبات و تێكۆشانی چینایەتی تەنیا لەسنووری چینی كرێكارانەوە ماوەتەوە و چینەكانی دیكەی كۆمەڵگا لەئاستێكی خوازراودا نەكەوتۆتە نێو جموجۆڵ و تێكۆشانەوە، بۆیە نەتوانراوە ئەنجامی كۆتایی لەگەڵ خۆی بۆ مرۆڤایەتی بهێنێ و كێشە چینایەتییەكان چارەسەر بكرێت و ناكۆكی نێوان ڕەنج ـ سەرمایە بەلاوە بنرێت.

لەم سەدە نوێیەدا كە جیهان وەكو گوندێكی لێهاتووە، ناوەڕۆك و كارەكتەری كێشە و ناكۆكییەكانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. لەم سەدەیەدا ناكۆكی و كێشەكان چوارچێوەی تەسكی چینایەتی تێپەڕاندووە و ناكۆكی و كێشەكان گلۆباڵ بوونە و بەرژەوەندی چینی كرێكار و زەحمەتكێشانیش لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی مرۆڤایەتی تێكەڵكێش بوونە.

بۆیە ئەگەر بخوازرێت لەبەرامبەری ئیمپریالیزم كە دەیەوێ سەرمایەی خۆی بەجیهانی بكات و لەرێگای ئەمەشەوە بەرژەوەندییەكانی خۆی بپارێزێت، ئەوا دەبێ ئەوە ڕەچاو بكرێت كە تێكۆشانی چینایەتی مەودایەكی فراوانتری وەرگرتووە و تەنانەت ناكۆكی سەرەكی نێوان ڕەنج ـ سەرمایەش بەجیهانی بووە. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ناكۆكییەكان سنووری وڵات و بگرە كیشوەرەكانیشی تێپەڕاندووە، بۆیە دەبێ تێكۆشانی چینایەتی لەدوو قاڵب دەربخرێت، یەكەم؛ چوارچێوەی تەسكی چینایەتی، واتە داخوازییە چینایەتییە بەرتەسكەكان و دووەم؛ تێكۆشانی چینایەتی لەمەودایەكی جوگرافی تەسكدا نەمێنێتەوە. خەباتی چینایەتی ئەمڕۆ ڕەهەندێكی دیموكراسی هەیە و تێكۆشانی هەموو مرۆڤایەتیش ئەگەر لەسەر ناوی سۆسیالیزمیش نەبێت كە خۆی لەئازادی، دیموكراسی و یەكسانی دەبینێتەوە، دەبێ ئەوە بزانرێت ئەم داخوازیانەش گەوهەری سۆسیالیزم پێكدەهێنن و تەواوی ئەمانەش پرەنسیپەكانی سۆسیالیزمن. شارستانییەتی دیموكراسیش وەكو قۆناخێكی ئەمە دەبێت. كرێكاران و زەحمەتكێشان بەرژەوەندییەكانیان لەبونیادنانی شارستانییەتی دیموكراسی بەرجەستە دەبێت.

بۆیە لەكاتێكدا یەكی ئایار پیرۆزدەكەین، بەرژەوەندی و خەباتی ڕەنجدەران و زەحمەتكێشان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێراقیشدا لەوەدا یەكدەگرێتەوە كە گەلان بەیەكەوە بژین و هەوڵبدەن یەكێتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەچوارچێوەی شارستانییەتی دیموكراسییانە بەدیبهێنن. بەواتایەكی تر بەرژەوەندی و داخوازییەكانی ڕەنجدەران و كاركەران لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێراقدا لەبەدیهاتنی سیستەمێكی دیموكراسیدا بەرجەستە دەبێت. ئەمڕۆكەش ئیمپریالیزم دەخوازێ لەرێگای سەرمایە و هێزی سەربازی خۆی، سیاسەت و كولتووری خۆی باڵادەست بكات و بەتەواوەتی دەست بەسەر ناوچەكەدا بگرێ، هەر لەبەر ئەمەشە ئەركی سەرەكی كرێكاران و ڕەنجدەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێراق ئەوەیە كە لەناوچەكەدا لەپێناو یەكێتی ئازادانەی گەلان و بەیەكەوە ژیانی گەلان تێبكۆشن.

وەكو دەزانرێ ئەمڕۆ بەتەنیا كرێكاران تووشی چەوسانەوە نابن، بەڵكو هەموو مرۆڤایەتی دەچەوسێنرێنەوە. لەباشووری كوردستانیشدا لەئەنجامی سیستەمی ئێراق كە زیاتر سیستەمێكی مشەخۆر بوو و ڕەنجی تەواوی كۆمەڵگای دەخوارد ئەمەش بووە هۆكاری ئەوەی كە سوپایەك لەبێكاران دروست ببێ. هەر بۆیە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەددامیش، شانبەشانی خەباتی چینایەتی چینی كرێكاران، تەواوی كۆمەڵگا و لەسەرووی هەمووشیانەوە بێكاران لەوە حەر بۆتەوە كە بۆ هێنانە ئارای سیستەمێكی دیموكراتی زیاتر لەیەكتری نزیك ببنەوە و هەوڵبدەن سیستەمێكی بەرهەم هێن بێتە ئاراوە. هاوكات ببنە خاوەن یەك بەرنامەی خەبات تا هەرچی زووتره لەبونیادنانەوەی ئێراقدا ئەو سیستەمەی كە بەرژەوەندی هەموو چین و توێژەكان دەپارێزێ و بەئازادی و یەكسانی و دادپەروەریان دەگەیەنێ ئاوا بكرێت. بۆیە دەبێ ڕۆژی ١ ی ئایار بكرێتە ڕۆژی تێكۆشانی دیموكراسی و ڕۆژی خۆبەرێكخستن كردن و خۆكردنە هێزی گۆڕان و وەرچەرخانی دیموكراتییانە.

# بەیەکەوە ژیان یان شەڕی ئەتنیکی بژارمان بێت؟

رەوا جودی

دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری ئێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بارودۆخێکی ئاڵۆز و گرژ لەئێراق هاتۆتە ئاراوە. ئەو رووداوانەی لەدوای رووخانی رژێمەوە بەدوای یەکدا هاتن و گەلێک کارەساتی ناخۆشیان لێکەوتەوە کە وەك لێدانی زەنگی دەستپێکردنی مەترسیداری ئاژاوە و شەڕ و پێکدادانێکی ناوخۆیی نێوان گەلانی ئێراقە. ئەو رووداوانەی لەشارەکانی موسڵ و کەرکوك و بەغداد و باشووری ئێراق روودەدەن ئاماژە و نیشانەن بۆ سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ئەتنیکی نێو کۆمەڵگای ئێراق، کە ئەگەر رێگیری لێنەکرێت ئەگەری ئەوە هەیە سەرتاپای ئێراق بگرێتەوە و قووڵ و بەرفراوان ببێت و بەردەوام بکات. بەمەش ئێراق دەبێتە گۆرەپانی شەڕ و پێکدادانی ئەتنیکی و لەزوڵم و زۆرداری رژێمی سەددام زیاتر خوێن رژان و ماڵوێرانی و داڕووخان لەگەڵ خۆیدا بهێنێ کە هێندەی تر گەلانی ئێراق دووچاری تراژیدیا مەزنەکان بکات و دوارۆژێکی تاریك و نادیار بێتە قەدەریان. بۆیە دیتنی ئەو مەترسییە و لێکدانەوە و رێگیریکردنی لەتەشەنەسەندنی ئەو رووداوانە ئەرکی هەرە لەپێشینەی لایەن و کەسایەتییە سیاسی و رۆشنبیر و کۆمەڵایەتییەکانی ئێراقە، بەبێ جیاوازی.

ئاشکرایە کۆمەڵگای ئێستای ئێراق کۆمەڵگایەکی هەمەچەشنە و فرە نەتەوە و ئەتنیك و ئایین و ئایینزایە، ئەمەش لەئاکامی مێژووی هەزاران ساڵەی ئێراق دێت کە خۆی لەخۆیدا مێژووی بەیەکەوە ژیان و پەیوەندی نێوان ئەو پێکهاتە هەمە چەشنە و فرە رەنگییانەی دانیشتوانی ئێراقە. بەمەش سەرەڕای هەبوونی ناسنامە و کولتووری تایبەتی هەر یەك لەو نەتەوە و ئەتنیك و ئایین و ئایینزایانە، لەئەنجامی بەیەکەوە ژیان و پەیوەندی و دانوستاندنی هاوبەش، ناسنامە و کولتوورێکی هاوبەش و گشتیان بەیەکەوە خولقاندوە. ئەمەش لایەنە هەرە پرشنگدارەکەی مێژوو و شارستانییەتی ئێراقە. بێگومان لەخولقاندنی ئەو ناسنامە و کولتوورە هاوبەش و گشتییە هەریەك لەو پێکهاتانەی کۆمەڵگای ئێراقی پێکهاتووە بەگوێرەی کات و شوێن و هەل و دەرفەت رۆڵی خۆیان بینیوە. لەڕاستیدا لەئەنجامی ئەو بەیەکەوە ژیان و پەیوەندییەدا ئارادەیەکی زۆر چارەنووسێکی هاوبەش بۆ گەلانی ئێراق خولقاوە و لەرۆژگاری ئەمرۆشدا هەمان راستینە خۆی دەسەلمێنێ. هەروەها ئەوەش دەسەپێنێ کەلاوازبوون یان بەهێزبوونی گەلێك یان گروپێکی ئەتنیکی کاریگەری خۆی لەسەر گەل و گروپە ئەتنیکییەکان دیکە کردووە، دەکرێ. لەم راستیانەدا چەند دەرئەنجامێکی گرنگی لێدەربخەین کە بۆ ئەمرۆ و داهاتووی هاوبەشی گەلانی ئێراق پێویستییەکی دەستلێبەرنەدراون.

لەلایەك جەمکە دۆگما و چەقبەستووییەکانی وەك "من سەنتەرم، من راستم"، لەلایەکی دیکەوە زۆرداری و پاوانخوازی و دەسەڵاتخوازێتی جینی باڵادەستی نێو ئەو گەلانە، تاهاتووە لەگەڵ خۆیدا جوارچێوەی پەیوەندی و بەیەکەوە ژیانی گەلانیان بەرتەسک کردۆتەوە ئیدی لەبری ئاشتی و ئارامی و ئاڵوگۆڕی کولتووری و شارستانی، دوورکەوتنەوە و لێکترازان و ئاژاوە و شەڕ و پێکدادانی لێکەوتۆتەوە. ئەمەش تاهاتووە زەمینەی دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکانی بۆ سەر ئەو وڵاتە رەخساندووە، کە هەمیشە بەدوای درز و بۆشایەك گەڕاون بۆ ئەوەی خۆیان تێدا باڵادەست بکەن. بەتایبەتی ئینگلیزەکان بەکارامەیی لەسەر ئەم ناکۆکییانە گەمەیان کردووە و ئەنجامیشیان بەدەست هێناوە. بۆیە لەئاکامدا شان بەشانی مێژووی هاوبەشی بەیەکەوە ژیان و پەیوەندی گەلان، مێژووی لێکترازان و شەڕ و پێکدادانیش بەهاوتەریبی رێچکەی گرتووە.

بێگومان لەمێژووی هەزاران ساڵەی ئێراقدا هەروەك چۆن لەگەلێك قۆناغدا گەلێك نموونەی بەیەکەوە ژیان و هاوپشتیوانی و هاوچارەنووسی گەلانی ئێراق هەیە، هەر لەهاوپەیمانێتی نێوان میدییەکان و بابلییەکان لەدژی ئیمپراتۆریەتی کۆیلەداری ئاشوورییەکان تادەگاتە یەك ئیرادەیی گەلان لەژێر رابەرایەتی سەلاحەددینی ئەیوبی و شۆڕشەکانی ١٩٢٠ و ١٩٥٨ و راپەڕینەکانی ١٩٩١ نموونەی مێژوویی پرشنگدارن، ئەوا بەهەمان شێوە گەلێك نموونەش هەن پێچەوانەی ئەوەن. ئەوەی ئەمرۆ لەئێراقدا روودەدات بەرچاوترین نموونەیە و پێویستە بەقووڵی و بابەتیانە لێی وردبینەوە و بەهەستیاری هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین. لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە رێگیری لەتەشەنەسەندنی ئەو رووداوانە بکرێ کە ئەمرۆ بەرەو شەڕێکی ناوخۆیی و ئەتنیکی ئاراستەیان وەرگرتووە، ئەگەرنا لەژێر چ ناوێکدا دەبێت یاببێت خۆجودا دیتن و جودایی خستنەنێو ریزەکانی کۆمەڵگای ئێراق دووبارەکردنەوەی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە و مێژووی خوێناوی و توندوتیژی ئێراقە و گرێکوێرە کردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێو کومەڵگای ئێراقە.

بۆیە ئەمرۆ PÇDK لەو بڕوایەدایە کە لەپێناو دووبارەنەبوونەوەی ئەمانە رێگیریکردن لەئاژاوە و شەڕی ناوخۆیی و ئەتنیکی، هەروەها لەپێناو درێژەدان بەلایەنە پرشنگدارەکانی مێژووی شارستانییەتی ئێراق و رێزگرتن و تۆکمە کردنی پەیوەندی و بەیەکەوە ژیانی گەلان، پێویستە بەر لەهەموو شتێك دەستبەرداری لەئەقڵییەتی میللیگەرایی کلاسیك، مەزهەبگەرای بەرتەسك و خۆ وابەستەکردن بەهێزە هەرێمی و جیهانییەکان بکرێت، لەبری ئەمە بەئەقڵییەتێکی دیموکراسی و کولتوورێکی دیموکراسی هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخی دوای رووخانی رژێمی بەعس بکرێت و کێشە و ناکۆکییەکان قووڵنەکرێنەوە و بەرەو چارەسەرییەکی دیموکراتییانە ئاراستە بکرێت. ئەگەرنا هەروەك لەمێژووشدا ئەوە سەلێنراوە نەك تەنیا، نەتەوەیەك، ئەتنیکێك، ئایین و مەزهەبێك بەڵکو سەرجەمیان بەر هەڕەشەی لەدەستدانی هەموو دەرفەت و توانستە زێڕینەکانیان دەکەون و داهاتوویەکی مەترسیدار و تاریك دەبێتەوە قەدەر و چارەنووسی هەموو کۆمەڵگای ئێراق بێ جیاوازی. ئیدی لەپێناو خاوەن دەرکەوتن لەمێژوو و شارستانییەتی هاوبەشی گەلانی ئێراق و سوود وەرگرتن لەدەرفەت و توانستە زێڕینەکانی ئەمرۆ و گەرەنتی کردنی داهاتوویەکی پڕ لەئاشتی و ئازادی و دیموکراسی، دەبا دەست لەناو دەست و بەپشت بەستن بەئیرادەی سەربەخۆ و یەکگرتووی گەلانی ئێراق بۆ بونیادنانی ئێراقێکی دیموکراتی لەنێو تێکۆشانی هاوبەشدا بین.

# چۆن ئێراق بونیاد بنێینەوە؟

شێرکۆ

دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر رژێمی ئێراق ئامانجی خۆی پێکا و کۆتایی بەدەسەڵاتی رژێم هێنا. ئەمڕۆش قۆناخێکی نوێ دەست پێدەکات کە ئەویش بونیادنانەوەی ئێراقە. بێگومان زۆربەی وڵاتانی جیهان ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆ بەشداری کردن لەبونیادنانەوەی ئێراقدا. بەڵام پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت کە گەلانی ئێراق پێویستییان بەو شێوازی بونیادنانەوەیە نیە کە لەچوارچێوەی دروستکردنی بینایەت و رێگە و بان دابێت کە لەئەنجامی شەڕدا خراپ بوون. بەڵکو سیستەم و بگرە خودی تاك و کۆمەڵگای ئێراقیش لە هەموو روویەکەوە پێویستیان بەسەر لەنوێ بونیادنانەوە و گۆڕانکاری ریشەیی سیستەم هەیە، کە گەلانی ئێراق بۆ خۆیان بتوانن هەموو تایبەتمەندییەکانی دیکتاتۆری و نەتەوەپەرستی شۆڤێنی عەرەب بەلاو بنێن، کە رژێمی بەعس لەڵوتکەدا نوێنەرایەتی دەکرد، پێکەوە ژیانی گەلانی ئێراق لەچوارچێوەی یەکێتی ئازادانەدا بئافرێنن. ئەمەش تەنها بەگەلانی ئێراق مەیسەر دەبێت و هیچ هێز و دەوڵەتێکی دەرەکی ناتوانن ئەم رۆڵە مێژووییە بگێرن.

گەلی کورد کە بەشێکە لەگەلانی ئێراق لەم قۆناخەدا رۆڵی گرنگ و مێژوویی یان دەکەوێتە سەرشان، لەبونیادنانەوەی ئێراقێکی دیموکراتیکدا. هەربۆیە پێویستە گەلی کورد لەسەر بنەمای برایەتی گەلان و پێکەوە ژیانی گەلان پێشەنگایەتی قۆناخ بکات. بەڵام جێگای سەرنجە بزووتنەوەی کلاسیکی کوردی لەمێژووی خۆیدا نەیتوانیوە چارەسەری بۆ کێشەکانی گەلی کورد بدۆزێتەوە، هەموو کاتێك بەدەمارگیری بەرتەسك نزیك بەکێشەکان دەبوون و لەسەر ئەم بنەمایەش پێشدەکەوتن. بۆیە دەبینین نەیانتوانیوە ببنە خاوەنی پرۆژە، زهنییەتی کۆنی نەتەوەپەرستی سەرەتاییان دەرباز نەکردووە. ئەمەش لەقۆناخی بونیادنانەوەدا نابێتە وەڵام و پێویستی بەزهنییەتێکی نوێخوازی پێشکەوتوو هەیە. بەلاوەنانی زهنییەتی کۆن بەنەهێشتنی نەتەوەپەرستی سەرەتایی مەیسەر دەبێت. چونکە چەمکی ناوچەگەری، ناوەندخوازی و پاوانخوازی یەکێتی ریزەکانی گەل پارچە دەکات و ناهێڵێت گەلی کورد رۆڵی مێژوویی خۆی بگێرێت. هەروەها بزووتنەوەی کوردی بەتایبەت پارت و رێکخراوە سیاسیەکان پێویستە لاوازبوونی چەمکی دیموکراسی لەنێوان خۆیاندا نەهێڵن و، رێز بدەنە بیر و بۆچوونە جیاوازەکانی بەرامبەریان، لەسەر بنەمایەکی دیموکراتی نزیکی یەکتر ببنەوە. چونکە ماڵی کوردی بەهاتنی هەموو هێزەکان بۆ لای یەکتری دروست دەبێت. هێزەکانی باشوور ئەگەر چەمکی وەك "من دەسەڵاتدارم" یان بەگوێرەی بەرژەوەندی پارتایەتیان مۆڵەت بدەنە دیموکراسیەت و شێوازی پاوانخوازی درێژە پێبدەن و چەمکی بەیەکەوە ژیانی گەلان بەبنەما وەرنەگرن و رێز بۆ کەمینە نەتەوەکان دانەنێن، ئەوا ئەو هەلە زێرینەی ئەمڕۆ لەئارادایە لەدەست دەچێت وەك ئەو هەلانەی کە لەساڵانی ٦٠و ٧٠و ٩٠کاندا، لەدەست دران. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا شەری نێوان گەلان دێنێت. ئیدی کەسیش ناتوانێت پێشی بگرێت. کەواتە سیستەمی نوێی ئێراق تەنها بەزهنییەت و کولتووری دیموکراتی بونیاد دەنرێت.

ئەمڕۆش لەکوردستان و ئێراقدا پێکهێنانی بەرەیەکی دیموکراتیك لەناو پارتە کوردیەکاندا دەتوانێت رۆڵی بونیادنانەوە بگێرێت. بێگومان بزووتنەوەی کوردی لەمێژووی خۆیدا چەند بەرەی جیاوازی دروست کردووە لەنموونەی (جود، جەوقەد، بەرەی کوردستانی)، بەڵام نەیانتوانیوە ببنە وەڵام بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلی کورد. چونکە ئەم بەرانە برایەتی گەلان و یەکێتی ئازادانەیان بەبنەما وەرنەدەگرت و دووربوون لەکولتووری دیموکراسی، هەر بۆیە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. هەروەها پێویستە بزووتنەوەی کوردی پەند و ئەزموون وەربگرێت لەرووخانی رژێمی سەددام، چونکە رژێمی سەددامیش چارەسەری کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلانی ئێراقی نەدەکرد. لەرووی دیموکراتیشەوە هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشت، لەلایەکی ترەوە نەتەوەپەرستی سەددام بووە هۆکارێك کە لەجیی ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکات بەپێچەوانەوە قووڵتری کردەوە و بەئاستی بنبەستبوونی گەیاند. هەر بۆیە ئەو هێزەی کە لەدیموکراسیدا هەنگاو نەهاوێژێ و دەست لەنەتەوەپەرستی تەنگ بەرنەدات ئەوا چارەنووسی لەرووخانی رژێمی سەددام باشتر نابێت. بۆیە پێویستە هێزەکانی باشووری کوردستان بەشێوەیەکی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکەن، هەنگاو بەرەو دیموکراسی بوون بنێن. ئەمەش بەپێك هێنانی بەرەیەکی دیموکراتییانە لەسەر بنەمای برایەتی گەلان و پێکەوە ژیانیان مەیسەر دەبێت. لەم رووەوە کەمە نەتەوەکانیش دەتوانن رۆڵی گرنگ و بەرچاو بگێرن لەبونیادنانەوەی ئێراقی نوێدا. PÇDK ش بۆ ئەمە خاوەن پرۆژەیە و پێداگری لەسەر دەکات و گرانی خۆی دەخاتە سەر. لەلایەك چەمکی دیموکراسی دەکاتە ماڵی هەموو کۆمەڵگا و لەلایەکی تریشەوە برایەتی گەلان لەسەر بنەمای یەکێتی ئازادانە پێشدەخات. PÇDK لەپرۆژەی خۆیدا بۆ بونیادنانەوەی ئێراق وچارەسەرکردنی کێشەکانی گەلان، دیموکراسی و برایەتی گەلان بەبنەما وەردەگرێت. ئەمەش دەبێتە زامنکردنی سیستەمێکی دیموکراتی لەداهاتووی ئێراقدا. بەم شێوەیە پێك هێنانی بەرەی دیموکراتی مافەکانی گەلانی ئێراق دەستەبەر دەکات. PÇDK ش بەباوەڕە کە گەلی کورد دەتوانێت رۆڵی پێشەنگایەتی بگێرێ بەبێ ئەوەی رۆڵی گەلانی تر بەکەمە نەتەوەکانیشەوە کەم بکاتەوە یان بچووکیان ببینێ.

ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بەرەیەکی دیموکراتی دروست بکرێ. تاکو هەموو هێز و لایەنێك ئەو رۆڵە مێژووییەی کە دەکەوێتە سەر شانیان پێکیبهێنن، چونکە تەنها بەرێگای سیستەمێکی دیموکراتییانە و برایەتی گەلان دەتوانرێت خۆمان بدەینە پەسند کردن بەگەلی کورد و هەموو گەلانی ئێراق. ئیدی کاتی بەلاوەنانی کێشە لاوەکییەکانی نێوان هێز و لایەنە کوردیەکان هاتووە. ئەوەی رۆڵی خۆی بگێرێت و بەرژەوەندی گەلان بپارێزێت شایستەی مێژوو دەبێت.

# پاشماوەی ڕیپۆرتاژ..

**چارەسەری: گەلێک جار دەرفەتی چارەسەری بۆ کێشەی کورد دروست بووە، بەڵام بەهۆی هێزە کوردیەکان بەتایبەت YNK و PDK، نەیانتوانیوە سوودی لێوەر بگرن. ستراتیژی ئێستای ئەم هێزانە لەسەر ئەم قۆناغە کارگەری ئۆیان چۆن دەکات؟ دیالۆگ و ڕێککەوتنی هێزە کوردیەکان لەچ ئاستێکدان، ئەرکی هەنووکەیی ئەو هێزانە چییە لەم قۆناغەدا؟ ڕۆڵی KADEK بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەباشوور و تەواوی کوردستان چۆن لێکدەدەنەوە؟**

عوسمان ئۆجەلان: ئەمڕۆ جارێکیتر دەرفەتێکی گونجاو کەوتۆتە دەست کوردان. ئەگەر سیاسەتی ساڵانی ٦٠ ـ ٧٠ ـ ٩١ دووبارە ببێت ئەوا ئەو دەرفەتەش لەباردەچێت. یەک ڕێگای چارەسەری هەیە ئەویش ئەوەیە کە پەیمانێکی نەتەوەیی لەنێو بزووتنەوەی کوردیدا پێکبهێنرێت و، بەیەکەوە گرێدانی کێشەی کورد بەبنەما بگیردرێت و لەسەر ئەو بنەمایەش سیاسەتێکی نەتەوەیی بەڕێوە ببرێت. ڕاستە هەربەشێک تا ڕادەیەک جیاوازیان هەیە، چارەسەری و تێکۆشانێکی تایبەتیش دەخوازێت، بەڵام ئەمە لایەکی ڕاستییە، لایەکەی تریش ئەوەیە کە کێشەی کورد هەموو بەیەکەوە گرێدراوە و تەنها لەجێگایەک سەرکەوتن بەدینایەت. KADEK خەبات دەکات بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردی لەبەستنی پەیمانێکی نەتەوەییدا بگەیەنێتە یەکتری و بەرەو چارەسەرییەکی گشتگیرانە هەنگاو بنێن.

دەتوانین بڵێین لە١٠ ساڵی ڕابردوودا بنەمایەکی سیاسی دانراوە، کە PDK و YNK جارێکیتر سیاسەتی پێشوو دووبارە نەکەنەوە، بەڵام هێشتا ئەو مەترسییە بەتەواوی تێپەڕ نەبووە. لەو باوەڕەدایین، مەترسی هێزە داگیرکەرەکان، هەردوو هێزیش ناچاری ڕێنمایەکی نوێ دەکات. ئەمەش داخوازی چارەسەری لەچوارچێوەی مافێکی شارستانییەتی دیموکراسیانە لەواندا پێشدەخات. KADEK هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی YNK و PDK خۆ دووبارە نەکەنەوە، ڕێنمایەکانیان لەسەر هێڵی شارستانییەتی دیموکراتیک فراوان بکرێت. بۆ ئەمەش خەبات و تێکۆشانێکی سیاسی بەڕێوە دەبات و لەمیانی ئەو خەباتەش دەیەوێت YNK و PDK بخاتە سەر ڕێگای چارەسەری. بۆیە تێکۆشانی سیاسی گرنگە و KADEK چۆن تا ئێستا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لێرە بەدواوەش، لەو ڕەوشە تایبەتە ڕۆڵی خۆی زیاتر دەگێڕێت. لەو باوەڕەدایین ئەم جارە کاریگەری KADEK لەسەر ئەو قۆناغە زیاتر دەبێت، YNK و PDK ناچار دەکات لەسیاسەتی خۆیاندا گۆڕانکاری دروست بکەن. هەروەکو چۆن دەڵێین پێویستە هەموو ڕژێمەکانی ناوچەکە بگۆڕدرێن، ئەوا بۆ بزافی کوردی لەباشووریشدا دەڵێین کە کاتی ئەوە هاتووە بکەونە نێو قۆناغی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی دیموکراسییانە. KADEK خەباتی خۆی لەسەر ئەو ڕێبازە بەڕێوە دەبات و ڕێگا بەشەڕی نێوخۆیی نادات و لەم قۆناغەدا کاریگەری خۆی لەمیانی تێکۆشانی سیاسی پێشدەخات. لەلایەکی تریش هەوڵدەدات هێزە کوردییەکان بخاتە سەر ڕێگای گۆڕانکاری و وەرچەرخان.

**چارەسەری: لەسەر سیستەمی نوێی ئێراق گەلێک گفتوگۆ دەکرێت، ئەوەی دیارە ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی دروست بێ ڕوون و ئاشکرا نییە. هەرچەندە باسی دیموکراسی لەلایەن ئەو هێزانەوە دەکرێت، بەڵام لەپرۆژەی خۆیاندا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان گەرەنتی نادەن. ئێوە چۆن ئەمە دەبینن. لەلایەکی ترەوە PÇDK، لەچوارچێوەی ئێراقێکی دیموکراتی دا فیدراسیۆنێکی نەیالەتی گونجاو دەبینن، ئێوە ئەمە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

عوسمان ئۆجەلان: دوای ڕووخانی ڕژێمی ئێراق، گفتوگۆیەکی فراوان سەبارەت بەڕژێمی نوێ لەئێراقدا پێشدەکەوێت. هەموو جیهان سەبارەت بەداهاتووی ئێراق و چۆنیەتی ڕژێمی نوێ، خۆی بەرپرسیار دەبینێ. واتە هیچ هێزێک ناتوانێت وەکو خۆی کە دەیەوێت، هەڵسوکەوت بکات. ئەمریکا و بەریتانیا بەهەموو شێوەیەک دەیانەوێ، ڕژێمی نوێ بەدەستپێشخەری ئەوان دابمەزرێنرێت. کورد، عەرەب، شیعە، سونی، تورکمان، ئاسووری هەر یەکە و بەشێوەیەک لەکێشەکە دەڕوانن. هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەیانەوێت ڕژێمێک بونیاد بنرێ کە نەبێتە مایەی تەنگەتاوی بۆ ئەوان. لەلایەکی تریش هێزە جیهانییەکانیش سەبارەت بە"ڕژێمێکی چۆن بێت" داخوازی خۆیان دیار دەکەن. واتە کێشەی ئاواکردنی ڕژێمێکی نوێ لەئێراقدا بۆتە کێشەی هەموو جیهان و هیچ هێزێک بەتەنها ناتوانێ تێڕوانینی خۆی جێگیر بکات و پێکبهێنێت. ڕاستە ئەمریکا دەتوانێ مۆری خۆی لەڕژێمی تازە بدات، بەڵام پێویستە گەلێک فاکتەریش بهێنێتە بەرچاوی خۆی. لەم چوارچێوەیەدا دامەزراندنی ڕژێمی نوێ لەئێراقدا ماوەیەک دەکێشێت. ئەمریکا چەندە خاوەنی دەستپێشخەری بێت، بەڵام ناتوانێت تێڕوانینی هەموو هێزەکانی تر بخاتە لایەکەوە. بەگشتی تێڕوانین ئەوەیە کە سیستەمێکی دیموکراتی ئاوا بکرێت. ئازادی و مافی مرۆڤ لەکارەکتەری ئەو ڕژێمەدا پارێزراو بێت. ڕژێمی نوێی ئێراق ناتوانێت بەتەواوی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ پشتگوێ بخات. ئەمریکا خۆشی پەیمانی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤی داوە بەجیهان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێراق. بۆیە دەتوانرێت بگوترێت ڕژێمی داهاتوو لایەنی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤی تێیدا بەرچاو دەبێت. ئەو بەهایانە پێش دەخرێن. ڕێگای سەرکەوتنی ئەمریکاش بەمەدا تێدەپەڕێت. ئەگەر ڕەوشێکی وا نەخولقێنێ کە مرۆڤ تێیدا ئازاد و خۆشگوزەران بێت ئەوا ناتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی لەئێراقدا سەقامگیر بکات. چەندەی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ پێش بکەوێت، ئەوەندە دژایەتی شەڕ کەم دەبێتەوە، لەو چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین ئەوەی سەردەکەوێت، ئەو هێزە نییە کە شیمانە دەکرێت، بەڵکو دیموکراسییە، هیچ هێزێک نییە کە بتوانێت خۆی لەبەرامبەر دیموکراسی ڕابگرێت. سیستەمی نوێی ئێراق دەبێتە سیستەمێکی دیموکراتی. هیچ ڕێگای تر چارەسەری ناهێنێت. لەم ڕووەوە بەرنامەی PÇDK لەهەموو هێزەکانی تر زیاتر ڕێگا لەبەردەم دیموکراسی دەکاتەوە. ئەگەر لەگەڵ هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی بەراوردی بکەین ئەوا PÇDK زۆر پێشکەوتووترە. ڕەوشی نوێش پێشخستنی دیموکراسی خستۆتە ڕۆژەڤ. لەو چوارچێوەیەدا ئەگەر PÇDK شێلگیر و پێداگری بکات، ئەوا دەتوانێت لەهەموو ئێراق و باشووردا، ببێتە خاوەنی ڕۆڵێکی پێشەنگ. واتە ڕەوش لەخزمەتی پێشکەوتنی بەرنامەی PÇDK دایە. ئەوەی ئێستاکە پێویستە کاری پێشەنگایەتییە، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی PÇDK تێکۆشانی دیموکراتی لەهەموو کاتێک زیاتر پێش بخات و گەل لەچوارچێوەی بۆچوونی خۆیدا بگەیەنێتە یەکتر. لەلایەک گەل بکاتە هێزێکی دیموکراسی، لەلایەکی تریش هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆن ناچاری ئەنجامدانی گۆڕانکاری دیموکراسییانە بکات. ئەگەر لەو چوارچێوەیەدا تێکۆشان بەڕێوە ببرێت، ئەوا دوارۆژ دەبێتە هی PÇDK . PÇDK بۆ ئەوە نییە کە جێگا بخاتە دەستی خۆی، بۆ ئەوە هەیە کە دیموکراسی لەنێو گەل و لەنێو بزافی کوردیدا پێشبخات. لەسەر ئەو بنەمایە لەمیانی خەباتێکی فراوانی ماوەیەکی درێژ ناخایەنێت، PÇDK لەئێراق و باشووردا ڕووەو دەسەڵات هەنگاو دەنێت. شانسی PÇDK لەهەموو هێزەکانی تر زیاترە کە پێشەنگایەتی بۆ قۆناغی دیموکراسیبوون بکات. واتە کاتی PÇDK هاتووە، لێرە بەدواوە هێزە دەسەڵاتدارەکان دوا دەکەون، PÇDK ش بەهێز دەبێت و پێشەنگایەتی دیموکراتیزە بوون لەتەواوی ئێراق و باشووری کوردستاندا دەخاتە ئەستۆی خۆی.

# چارەسەری

ئۆرگانی ناوەندی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

چوارشەممە ٣٠ی نیسان ٢٠٠٣ ژمارە ٢٥ ساڵی دووەم


## هەڵوێست

ئەو خاکەی کە ئێمڕۆ گەلی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاسوری و هەندێك کەمینەی دیکەشی تێدایە و لەدێر زەمانەوە بەیەکەوە معیشەت و ئەوەن ئەژین، خاوەن کولتوور و شارستانییەت و مرۆڤی پێشکەوتووخواز بوویە. ئەمەش راستینەی ئەو خاکەیە. ئیمڕۆ شتێکی دەرئەکەوێتە پێش بەعەکسی ئەم تاریخەیە. ئەویش کولتووری تالانیە. ئەو خەڵکانە هیچ کاتێك خاوەنی تایبەتمەندییەکی وەها نەبوویە. بەڵام سیستەمێك کە لەسەر ئەو خاك و میللەتانە زاڵبوویە خاوەن تایبەتمەندی و کولتوورێکی وەها بوویە و هەر بەتالانیش بوویە دەسەڵات و تا دوایین هەناسەی خۆشی گەلانی ئێراقی تالان کرد و رووتاندنییەوە.

ئەگەر ئەمڕۆکە لەوەزعێکی وەهادا میللەت دەکەوێتە سەر ماڵ و حاڵی رژێمی خوالێخۆش نەبوو و فەرهودی دەکات شتێکی ئاساییە و لەهەر شۆڕشێکدا ئەو دیاردەیە دەرکەفتنە و شتێکی لەسەر نایەژین چونکە بەحەقیقەت ئەم ماڵ و حاڵە هی میللەتە و لەدەولەت حەرامە. بەڵام تالان کردنی ماڵی خەڵك نەك تەنها لەڕووکاردا تشتێکی جوان نییە، بەڵکو لەهەڵ خۆیدا شەڕی میللەت تێرێ و لەناوخۆدا ناکۆکییەکان قووڵتر ئەکاتەوە. ئەو رووداوانە چەندە یەکێتی و برایەتی ئەو میللەتانە خۆش ئەکات؟ ئەویش لەکاتێکی وەها ئاسکدا کە لەهەر زەمانێك زیاتر پاڵپشتی کردن و یەکگرتنی خەڵکانی ئێراق خۆبەخۆ پێویست ئەکات. بێگومان مەسلەحەتی هیچ لایەکی تیا نییە تەنیا مەسلەحەتی فووەتی داگیرکەر نەبێت، کە ناخۆشی ناو ئەو میللەتە کەیفخۆش ئەوەن. پێویستە زۆر بەهەستیارییەوە حیسابی هەندێك شت بکەین و نەکەوینە خەڵەتییەوە. ئەو قووەتانەی کەوا ئیمڕۆ باس لە دیموکراسی و ئارامی دەکەن ئەگەر راست بوونایە پێشیان لەم دیاردە نائنسانییە ئەگرت، و هەر لەوێوە دیفاعیان ئارامی و تەبایی ئەکرد. بەڵام ئەوەی ئەوان ئەیکەن گوزارە لەتاریخی سیاسەت کردن و داگیرکاریان ئەکات. ئەگەر هەتا رۆژی ئیمڕۆ گەرەکیان نەبوویە موشکیلەی کورد و عەرەب و تورکمان و ئەقەلیاتەکانی تر چارەسەر ببێت، ئەوا فایدە و مەنفیعەتی ئەوانی تیا بوویە. کەوابوو ئێستاش ئاساییە کە لەکاتی تالانکردنی ماڵی خەڵك و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆییدا جارێکیتر لەبەرامبەریا بێدەنگ بمێنن و لەدوورەوە سەیری ئەو رووداوانە بکەن و پێش کەیفخۆش ئەوەن.

ئاسۆ مەجید

## زمانی راستی

## Zimanî Rastî

- من رەخنەدانی سۆسیالیزمی بونیادنراو دەدەم.
- Min rexnedanî sosyalîzmî bunyadniraw dedem.
- بۆ هەموو ساتێ لەنێو لێگەڕینی ژنێکی ئازاد دام.
- Bo hemû satê le nêw lêgerînî jinêkî azad dam.
- پێویستە لەپێناو یۆتۆپیادا بژین.
- Pêwiste le pênaw yotopîyada bijîn.
- پێویستی بەمۆدێلێك هەیە کە لەرەنج نامۆ نەبووبێت.
- Pêwistî be modêlêk heye ke le renc namo nebûbêt.
- دابڕان لەسۆسیالیزم بەواتای دابڕانە لەهەناسەدان.
- Dabran le sosyalîzm be watay Dabrane le henasedan.

**Serok APO**

## — لەمێژوودا —

ـ ١٨٩٨/٤/٢٢ دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان.

ـ ١٩٢٠/٤/٢٩ دەرچوونی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی پێشکەوتن لەسلێمانی.

ـ ١٩٢٥/٤/٢٧ گیرانی شێخ سەعیدی پیران لەلایەن تورکەکانەوە.

ـ ١٩٧٤/٤/٢٤ بۆردومانکردنی شارۆچکەی قەڵادزێ لەلایەن فڕۆکەکانی رژێمی بەعس.

ـ ١٩٨٦/٤/١٧ کۆچی دوایی شاعیری نەتەوەیی مامۆستا "هێمن موکریانی".

## بۆ پێزانین.. بۆ پێزانین.. بۆ پێزانین.

رۆژنامەکەمان لەپێناو بەرەودان بەبیروڕای جەماوەر و رۆشنبیران بانگەوازی خۆی بۆ نووسەر و پێنووس بەدەستان دەکات کە رۆژنامەکەتان "چارەسەری" بەبەرهەمی بەپێز و دەوڵەمەند رەنگین بکەن. لەم رووەوە رۆژنامە دەروازەی خۆی بۆ هەموولایەکتان ئاوەڵا کردووە. چاوەڕێی بابەتە بەپێزەکانتانە.

ستافی رۆژنامەی
چارەسەری

هەواڵنامەی کتێب